

# لەنێوان ئازادیی و سوکایەتییدا: پاڕادۆکسی میدیا لە کوردستانی عێڕاقدا

راپۆرتێک لەلایەن دێسکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور،

تشرینی دووەم ٢٠١٠

REPORTERS WITHOUT BORDERS
FOR PRESS FREEDOM

لەماوەی دو ساڵی رابردودا، دو رۆژنامەنوس لە کوردستانی عێراقدا کوژراون: سۆران مامە حەمە لە تەموزی ٢٠٠٨ و سەردەشت عوسمان لە مایسی ٢٠١٠. ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنوسان روبەڕوی هەڕەشە و لێدان بونەتەوە لە کاری رۆژنانەیاندا، هەرچەندە ئەوە زۆر کەمترە لەو رۆژنامەنوسانەی لە تەواوی عێراقدا لەوەتەی ٢٠٠٣وە کوژراون. سۆران مامە حەمە لە کەرکوک کوژرا، کە بەشێوەیەکی یاسایی ناکەوێتە هەرێمی کوردستانی عێراقەوە. هێشتا، ئەو راستییەی سۆران لە سلێمانیی دەژیا و کاری بۆ گۆڤاری سەربەخۆی لڤین دەکرد، ئەوەندە دەهێنێت ئەو وەک یەکێک لە قوربانییەکانی هێرشەکان دابندرێت کە ئەنجامدراون دژی رۆژنامەنوسان لە کوردستانی عێراقدا.

کردەکانی توندوتیژیی لەلایەک، رۆژنامەنوسان بەشێوەیەکی بەربڵاو کاردەکەن و بێئەوەی بتوانن زانیاری ئەوتۆ بەدەستبێنن و ئەمەش خراپیان لەسەر دەکەوێت بەپێی قانونی سزادانی عێراقی.



لەوەتەی رۆژنامەنوس سەردەشت عوسمان تیرۆرکراوە لە مایسی رابردووەوە، بێباوەڕی-هەتا گومان- لەنێوان پۆلی سیاسییەکانی کوردستان و هەندێک لە رۆژنامەنوسان زیادیکردووە. ئەوە دەکەوێتە سەر سەرکردەکانی حکومەت کە هەندێک ئاماژەی بەهێز نیشانبدەن کە ویستیان هەیە بۆ ئیشکردن بە ئاراستەی ئاشتبونەوەیەک.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەمو ئەکتەرەکانی وڵات و چاودێرە نێودەوڵەتییەکان کۆکن لەسەر راکانیان بەوەی کە هەندێک پێشڤەچونی بەرچاو لە دە ساڵی رابردودا لەڕوی ئابوریی و سیاسیی و هەروەها تێڕوانینی دەزگاییەوە رویداوە. بونی ئەو ناجێگیریی ئاساییش و توندوتیژییەی کە وڵاتی لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٤وە وێرانکردووە، کوردستان بەڕونی دیارە کە هەلومەرجێکی باشتری سەلامەتیی هەبووە بەبەراورد لەگەڵ تەواوی عێراقدا. کوردستان هەرێمێکی گەنجە و لە قۆناغی گواستنەوەی تەواو دایە لەڕوی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و تاد....) و روبەڕوی تەحەدای جۆراوجۆر دەبێتەوە.

بارودۆخی ئازادیی رادەربڕین لەوێ باشترە لە وڵاتە سنورییەکانی دەوروبەری، بەشێوەیەکی سەرەکیی لەبەر دەسکەوتی کوردستان لە ٢٠٠٧ کە یاسای پاراستنی رۆژنامەنوسانە لە کوردستاندا. ئەو هەرێمە سوددەبینێت لە رۆشنبیرییەکی داینامیکی و ژمارەیەک لە بڵاوکراوە لە چەند ساڵی رابردودا دەرکەوتون. لەو هەرێمە کە نزیکەی ٨٣.٠٠٠کم ٢یە، سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان خاوەنداریتی لە ٨٥٠ دەزگای میدیا دەکات (لەوانە ٤٥٠یان میدیای چاپن) کە لەناویدا نزیکەی ٥.٠٠٠ ئەندام هەیە.

ئامانج لەو راپۆرتە بۆ تێگەیشتنە لە پاڕادۆکسی ئازادیی میدیا لە کوردستاندا. سەرەتا راپۆرتەکە باس لە مێژوی میدیا دەکات لە کوردستاندا. تێگەیشتنێکی باشتر لە شێوازی ئەو بڵاوکراوانە کە بە تێپەڕبونی کات دەرکەوتن گرنگە، بۆئەوەی باشتر لە ئاڵۆزیی بەرەنگاربونەوەکانی ئێستایان بگەین. لە بنەڕەتدا، میدیا وەکو ئامرازی پڕوپاگەندەی شەڕی چەکداریی لە سەردەمی نهێنییدا بەکارهێنراوە. میدیای ئەم هەرێمە بێ هیچ شتێک بە سیاسەتەوە بەستراوەتەوە، هەربۆیەش، زۆربەی زەحمەتییەکان روبەڕوی ئەو رۆژنامەنوسانە دەبنەوە کە خۆیان بە سەربەخۆ دەزانن. لێرەدا باسکردنێک لەبارەی ئەو کێشانەی روبەڕوی میدیا دەبنەوە لە خوارەوە باسکراوە. رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوری جیهانیی لەم راپۆرتەدا داواکاریی هەیە بۆ دەستەڵاتدارانی کوردستان و رۆژنامەنوسانی هەرێمیش.

ئەم راپۆرتە لەلایەن دو نوێنەری رێکخراوەکەوە ئەنجامدراوە کە لە مانگی تەموزی ٢٠١٠ وەکو میشنی بەدواکەوتنی دۆزینەوەی راستییەکانیان بون.

# میدیا و پارتە سیاسییەکان: پەیوەندییەکی ماوەدرێژ



# مێژوی میدیای کوردستانی عێراق بەرهەمی مێژوی سیاسیی هەرێمەکەیە.

لە ١٩٦١، کوردەکانی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی، یاخیبون دژی رژێمی بەغداد، شەڕێکیان بەرپاکرد کە تا ساڵی ١٩٧٠ی خایاند. لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠، پێشمەرگە کوردەکان گفتوگوی سێ ساڵ ئاگربەستیان لەگەڵ سەرکردە بەعسییەکان کرد کە دەستەڵاتیان لەڕێی کۆدێتای سەربازییەوە گرتبووە دەست پێش کەمتر لە سێ ساڵ. سەرەڕای ئەوە، دوا گفتوگۆکان لەنێوان هەردو حیزبەکەدا ژێرکەوتن، سەرەتا لەبەر پرسی کەرکوک. بۆیە لە ١٩٧٤ شەڕ دەستپێکردەوە "لەپڕێکەوە بۆ کەوتنی لەگەڵ زەمەنی شەڕی سارد *[...]*: ئیران پێشمەرگەی چەکدار کرد بە پشتیوانیی ئیسرائیل و ئەمریکا. ساڵێک دواتر، بارزانی روبەڕوی پیلانێکی هەرێمیی بووەوە *[...]*. تاران پشتیوانیی خۆی لە کوردەکان کشاندەوە و بارزانیی بەجێهێشت لەگەڵ هەڵبژاردنی کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداریی یان شەڕکردن بێ یارمەتیی ئێران*[...]*. بارزانی بڕیاریدا کۆتاییەک بۆ شۆڕشەکە دابنێت." ١

بۆ زۆر لە بەرهنگاربونەوە پارتیزانییەکان، ئەوە لێدانێک بو لە روخساری، تێکشکانێکی تەواو بو بۆ کوردایەتیی. هێزێکی دیکەی پێشمەر گە لەژێر سەرکردایەتیی کاتیی پارتیی دیموکراتیی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان کە لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە سەرکردایەتیی دەکرا، پێکهێنرا. زیاد لەو دو هێزە سەرەکییەش، نیو دەرزەن رێکخراوی دیکە سەریان دەرهێنا. خەبات لەگەڵ ماوەیەکی کەم لە دابڕان، تا ١٩٩١ی خایاند. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا، خەباتی بەرگریی کورد بنکەی لە چیاکان دانابو.

## شەڕی عێراق-ئێران: ویستی سەدام بۆ لەناوبردنی کوردەکان

رژێمی سەدام حوسێن هەرێمەکانی خۆی تەسلیم بە ئێران کرد کە دواتر هەوڵیدا بۆئەوەی وەریبگرێتەوە بەهۆی شەڕێکی وێرانکەر دژی دراوسێ ئێرانییەکەی لە ئەیلولی ١٩٨٠وە بۆ ئابی ١٩٨٨. بەدرێژیی ئەو شەڕە، کوردستان وێرانبو و توشی چەوساندنەوەی بەکۆمەڵ هات. لە سەرەتای ١٩٨٣، حکومەتی مەرکەزیی سیاسەتێکی لەناوبردنی جێبەجێکرد دژی کوردەکان. لە ١٩٨٨، حکومەتی مەرکەزیی بۆ یەکەمجار دژی چەند گوندێک چەکی کیمیایی بەکارهێنا، ئینجا دژی شاری هەڵەبجە لە ١٦ بۆ ١٩ی ئاداری ١٩٨٨-ئەو شارە بۆ ماوەیەکی کەم پێشتر لەلایەن یەکێتییەوە دەستی بەسەردا گیرابو، بە هاوکاریی ئێران. دواتر ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال هات لەلایەن سوپای

عێراقییەوە لەژێر فەرمانەکانی عەلی حەسەن مەجید (نازناوەکەی "عەلی کیمیایی") لە ١٩٨٨ەوە بۆ ١٩٨٩ جێبەجێکران، کە زیاتر لە ١٨٠،٠٠٠ خەڵکی کوشت و زیاتر لە ٩٠%ی گوندە کوردییەکانی خاپورکردن.

## شەڕی دووەمی کەنداو: دەرکەوتنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی عێراق

ئاماژەکانی خەڵی وەرچەرخان لە ١٩٩٠ەکان دەرکەوتن. شەڕی نوێی کەنداو ویستی بەناڕاستەوخۆ چارەنوسی کوردەکان بشێوێنێت. هێزەکانی عێراق کوەیتیان لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ داگیرکرد و دەستیان بەسەر تەواوی وڵاتدا داگرت، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ببێتە نۆزدەهەمین پارێزگای عێراق. ئۆپەراسیۆنی "رەشەبای بیابان" (١٧ی کانونی دووەم بۆ ٣ی ئاداری ١٩٩١) بووە هۆی ئەوەی سوپای عێراقیی لە شوباتی ١٩٩١ لە کوێت بکشێتەوە. کوردەکان، باوەڕیان وابو کە دەتوانن پشت بە پشتیوانییەکانی ئەمریکا ببەستن، لە ئاداردا دژی رژێمی بەعس راپەڕین (هەروەک چۆن شیعەکانیش راپەڕین لە باشوردا). بەڵام ئەو راپەڕینە بەتوندوتیژییانە دامرکێندرایەوە، زیاد لە دو ملیۆن کەس بەکۆمەڵ دەستیانکرد بە کۆچڕەو بۆ ئێران و تورکیا.

سوپاس بۆ تەداخولی فرانسۆ میتەراند و سەرۆکی تورکیای ئەوکات تورگوت ئۆزال، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ٦٨٨ی دەرکرد لە ٥ی نیسانی ١٩٩١ بۆ پاراستنی کوردەکان، هێڵی ٣٦ "هەرێمی دژە فڕین"ی راگەیاند. هاوپەیمانەکان ئۆپەراسیۆنی "ئاسودە"یان بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە راگەیاند. کوردەکان شێوە حوکمی زاتییان بەدەستهێنا، بەڵام تەنها لەسەر بەشێکی بچوک لە خاکی راستەقینەیان. لە تشرینی یەکەمی ١٩٩١ەوە، باکوری عێراق چیتر لەلایەن بەغداوە حوکمی نەکرا. راپەڕینەکەی ١٩٩١ رێکەوتێکی گرنگە لە مێژوی ناسیۆنالیزمی کوردستانی عێراق.

بەرەی کوردستانیی عێراق کە لە هەشت حیزب پێکهاتبو (هەمویان چەکدار) بەشێوەیەکی کاتیی هەرێمەکەیان بەڕێوەبرد. لە ماییسی ١٩٩٢، یەکەم هەڵبژاردنی پارلەمانیی بەسترا، "بەگشتیی بە یەکێک لە دیموکراتیترین هەڵبژاردنەکانی هەرێمەکە دادەنرێت."[١] پارتیی دیموکراتیی کوردستان ٤٥،٢٧% بەدەستهێنا و لە بەرامبەردا یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ٤٣،٨٢%ی بەدەستهێنا. پارتە بچوکترەکان تەسفییە بون لە سیستەمی سیاسیی نوێدا. ئەو هەژمونە وردە وردە سەرکردایەتیی ئیفلیجکرد، بەیەکداهەلبژانی ناوخۆیی دروستبو. دو هەرێمی ئۆتۆنۆمی لەوکاتدا دروستبون بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵیی لە ئابی ١٩٩٢٤. یەکەمیان، لە دەوروبەری هەولێر، لەلایەن پارتییەوە سەرۆکایەتیی دەکرا، دووەمیان، بۆ لای باشور – سلێمانییش وەک شاری سەرەکیی – لەلایەن یەکێتییەوە بەڕێوەدەبرا. ئەو دو پارتە سیاسییە، کە خەباتی بەرگریی پێکدێنن لە ١٩٧٥ بۆ ١٩٩١، پراکتیزەی کۆنترۆڵێکی هەژمونیی رونیان کرد.

تا راپەڕینی ١٩٩١، "بڵاوکراوە میدیاییەکان" لە کوردستانی عێراقدا ئامرازی پروپاگەندەی سیاسیی بون لەلایەن بزوتنەوەکانی بەرگریی و خەباتی چەکدارییەوە بەکاردەهێنران. بەشێوەیەکی گرنگ و نهێنیی، دەورێکیان دەبینی لە رێکخستنە ناوخۆییەکانی بزوتنەوەکە. ئامانجیان ئاگادارکردنەوەی چەکدارەکان بو دەربارەی چالاکیی بەرگریکردن و بۆ بەهێزکردنی لایەنگیریی خۆیان. ئەو میدیایانە ئامانجیکی دیکەی دەرمکییشیان هەبو: بۆ وەستانەوە دژ بەو پەیامانەی رژێمی سەدام حوسێن بڵاویدەکردنەوە. نمونەیەک بۆ ئەو جۆرە میدیایە (بەرەی کوردستانی)یە، کە لە شاخەکان دامەزرا لە ١٩٨٨.

دوای ١٩٩١، هەمو پارتە سیاسییەکانی هەرێمەکە بەردەوامبون لەسەر هەبونی میدیای تایبەت بە خۆیان، کە دەزگای تەلەفزیۆنی ناوخۆییشی دەگرتەوە.

لە دوای ١٩٩٢ یاسایەکی چاپەمەنیی دەرچو. بەدوای هەڵبژاردنەکانی ماییسەوە، دیفاکتۆیەکی پلەبەندیی میدیای دوجەمسەر دەرکەوت لە هەرێمەکەدا. لە هەمان ساڵدا، یەکێتی رۆژنامەی رۆژانەی خۆی (کوردستانی نوێ)ی دەرکرد و تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان دەستی بە وەشان کرد. لای خۆیەوە، پارتی دوبارە دەستیکردەوە بە دەرکردنی رۆژنامەی رۆژانەی خۆی (برایەتی). لە کانونی یەکەم، رۆژنامەکانی دیکە دەرکەوتن وەکو (هەرێم).

ئینجا هەندێک لە رۆشنبیرە کوردەکان، لەناویاندا بەختیار عەلی، مەریوان وریا قانیع، ئاراس فەتاح و ئیسماعیل حەمە ئەمین، گۆڤارێکیان دەرکرد بە ناوی (ئازادی)، دیدێکی رەخنەیی هەبو بۆ دەوڵەت.

## شەڕی ناوخۆ: ململانێی براکوژیی بە دەرەنجامی مەترسیدارەوە




شەڕی ناوخۆی براکوژیی لەنێوان پارتیزانەکانی یەکێتیی و پارتیی لە مایسی ١٩٩٤ەوە بۆ ئەیلولی ١٩٩٨ تەنها جۆری میدیای جەمسەرگیریی کە پێشتر هەبو پەرەپێدا، هەروەها دابەشکردنی هەرێمی میدیای باکور/باشور. لە ١٩٩٤، هەندێک رۆشنبیری چەپ رۆژنامەی (ئەمڕۆ)یان دامەزراند، کە بە رۆژنامەیەکی ناحیزبیی دادەنرا. ئەوان ناچارکران کە چالاکییەکانی خۆیان رابگرن، شێوازی رۆژنامەکەیان واحوکمدرا کە زۆر رەخنەگرانەیە. لە چاوپێکەوتنێکی رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوردا، ئاسۆس هەردیی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئاوێنە و دامەزرێنەری رۆژنامەی ئاوێنە، ئەوەی رونکردەوە "ئەوە مەحاڵ بو شتێک بڵاوبکەیتەوە کە لەگەڵ خەتەکە نەبێ".

ئەوە لەو ساتە بو کە تاریق فاتیح، کە ئەوکات خاوەنی چاپخانەی رەنج بو، رۆژنامەی هاوولاتیی لە سەرەتاکانی ٢٠٠٠دا دەرکرد. ئەو دەورەی درا بە چەندین نوسەری سەربەخۆ و دانەر کە زۆربەیان لە کوردستان دەژیان (بەزۆری سلێمانی) یان لە دەرەوە. لەناویاندا، ئاسۆس هەردی، رێبوار سیوەیلی (وانەبێژ لە زانکۆی سەلاحەدین)، کەمال رەئوف، شوان محەممەد، عەدنان عوسمان، سەردار عەزیز و مەریوان وریا قانیع. "ئێمە هەستمان کرد کە پێویست بو میدیایەکی لەو جۆرە دروستبکەین بۆئەوەی ئازادبین لە بڵاوکردنەوەی ئەوەی دەمانەویست بڵاویبکەینەوە، هەروەها بۆ دروستکردنی پردێک لەنێوان هەردو ئیدارەی ئەوکات. ئێمە داوای مۆڵەتمان کرد. کەس نەبو کە دژایەتیی خۆی بۆ ئەو پرۆژەیە نیشانبدات. ئەوان وابیریاندەکردەوە کە ئێمە ئەوەمان لەڕوی داراییەوە پێدروستناکرێت. هەندێکی دیکە گرەوی ئەوەیان دەکرد کە ئێمە توشی ململانێی ناوخۆیی دەبین، ئەوانی تر پێیان وابو دەکەوینە ژێر هەیمەنەی پارتێکی سیاسیی. هیچ لەوانە رویاننەدا. ئێمە ئیدارەمان کرد بەیەکەوە، سەرەڕای هەبونی جیاوازیی لەنێوانماندا." ئاسۆس هەردی رایگەیاند.



## دوای سەردەمی سەدام حوسێن: رێگایەکی کراوە بەرەو ئۆتۆنۆمی

لە ٢٠٠٣، روخانی رژێمی سەدام حوسێن نیشانی خاڵێکی وەرچەرخان بو بۆ مێژوی سیاسیی کوردەکان و میدیایان. "سانسۆرکردن کە لە سەردەمی سەدام حوسێن بونی هەبو، نەما، ئەوە رێگای خۆشکرد بۆ سەردەمێکی نوێی ئازادیی و یارمەتیدەر بۆ دەرکەوتنی میدیای بێ سنور." فەرهاد عەونی رایگەیاند، نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان.



سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستانیش بەرهەمی سیاسەتە. بۆ ماوەی چەندان ساڵ، دو سەندیکای رۆژنامەنوسان هەبون: سەندیکای رۆژنامەنوسان لە سلێمانیی و سەندیکای رۆژنامەنوسان لە هەولێر (لە ١٩٩٨ دامەزرا). ئەوە تەنها لە ٢٠٠٣ بو کاتێک هەردو سەندیکاکە خۆیان لێکدا و ئەوەی ئێستایان پێکهێنا. سەندیکای رۆژنامەنوسان ئێستا بارەگاکەی لە هەولێرە و فەرهاد عەونی نەقیبییەتی، پێشتر فەرهاد عەونی سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنوسانی هەولێر بو.

لە ٢٠٠٥، دەستوری عێراقیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقی بە هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی ناساند، ئێستا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ناسراوە. بەڕونی ئاماژەی بە سێ هەرێم کرد: دهۆک، هەولێر و سلێمانی. لە کانونی دووەمی ٢٠٠٥، حکومەت بۆ یەکەمجار دوای ١٩٥٣ یەکەم هەڵبژاردنی فرە-حیزبیی گرێدا. هاوپەیمانیی کوردستانیی، بە ٧٧ نوێنەر لە ئەنجومەنی نوێنەران، خۆی لە دۆخێکی باڵادەست دۆزیەوە. لە حوزەیرانی ٢٠٠٥، لە کوردستانی عێراق، پارلەمان، کە لە ساڵی ١٩٩٦ەوە کۆنەبووەوە، مەسعود بارزانیی وەک سەرۆکی هەرێم هەڵبژارد.

رێککەوتنێک بۆ یەکخستنی هەردو ئیدارەی یەکێتیی و پارتیی ئیمزاکرا لە ١٦ی کانونی دووەمی ٢٠٠٦. حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا لە ٧ی مایسی ٢٠٠٦ کە نێچیرڤان بارزانیی برازای مەسعود بارزانیی، وەک سەرۆک وەزیران بو. ئەم حکومەتە ئۆتۆنۆمیی یاسایی بەسەردەبات لە هەرێمەکانی خۆی لەڕێی چەند دەستەڵاتێکەوە کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە پێدراوە.

## دەرکەوتنی گۆڕان: تەقینەوە یان بەردەوامێتیی؟

دەرکەوتنەکە لە دیمەنی سیاسیی ٢٠٠٩، سەرچاوەی هێزی ئۆپۆزسیۆنی پارلەمانیی ناسراو بە (بزوتنەوەی گۆڕان) هەندێک کاریگەریی جدیی هەبو لەسەر بارودۆخی میدیا لە هەرێمەکەدا.

ئەو کاریگەرییە، سەرەتا و بەر لە هەر شتێک، سیاسیی بو. لەکاتێکدا لە دۆخی ئێستادا لەوانەیە زەحمەت بێ باوەڕبکەی کە بزوتنەوەی گۆڕان – کە هاتنەناوەوەی خۆی بۆ شانۆی سیاسیی بووە هۆی بونی بە دووەم حیزب لە کوردستان کە نوێنەرایەتیی دەکات لە پارلەمانی کوردستان- رادیکاڵانە نیزامی سیاسیی لە کوردستانی عێراقدا بگۆڕێت، لە تەموزی ٢٠٠٩ ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ حیزبە ئیسلامییەکان (یەکگرتوی ئیسلامیی و کۆمەڵی ئیسلامیی) بۆ یەکەمجار بەرهەنگاری مۆنۆپۆڵی یەکێتیی و پارتیی بونەوە بەسەر پارلەماندا. ئەمە یارمەتیی دەرکەوتنی دیبەیتی سیاسیی پارلەمانیی دا، کە رێیدا میدیا رۆڵێکی نوێ بگێڕێت. بەرپرسێکی بزوتنەوەی گۆڕان لە چاوپێکەوتنێکی پەیامنێرانی بێسنوردا رایگەیاند "بۆ یەکەمجار میدیا رۆڵێکی سەرەکیی گێڕا لە وێناکردنی رای گشتیی".

لە راستییدا، گروپی ئۆپۆزسیۆنی پارلەمانیی دودڵ نەبون لەوەی گفتوگۆ لەگەڵ رۆژنامەنوسان بکەن. بۆ یەکەمجار لە دەرەوەی میدیای تراديشناڵی خۆیان، تەماشاکەرانی تەلەفزیۆن توانیان تەماشایان بکەن لە کەناڵی (KNN)ی بزوتنەوەی گۆڕان، گفتوگۆ پارلەمانییەکان دەربارەی بودجە لە دەنگدانی تەشریعی ٢٠٠٩ پێشینەی هەبو.

دیسان کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتیی هەبو. دەرکەوتنی بزوتنەوەی گۆڕان هەروەها ئەنجام بو، لەناو فاکتەرەکانی دیکەی فەڕاغی نەوەییەک، بەوەی کە دانیشتووانە گەنجەکان چیتر شوناسی پارتە سیاسییە تراديشنەڵەکان هەڵناگرن و وەک ئەوان هەستناکەن. لێکۆڵینەوەیەک کە ئەنجامدراوە لەلایەن ماهیر عەزیز، ئاشکرایدەکات بۆشاییەک لەنێوان "کوردایەتی"ی گەنجان و رای نێگەتیڤی خۆیان بەرامبەر پارتە سیاسییەکان هەیە.١

# دیمەنی میدیای کوردستانی ٢٠١٠:
# سەربەخۆییەکی ڕێژەیی



بارودۆخی ئازادیی چاپەمەنیی لە هەرێمی کوردستان باشترە لە وڵاتە دراوسێکان، و دۆخی گشتیی ئێستا باشترە لە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا. ڕۆژنامەنوسێک بە پەیامنێرانی بێسنوری گوت "بەرەوپێشڤەچونی ڕاستەقینە هەیە بە بەراورد بە دە ساڵی ڕابردودا. ئەمڕۆ، ئێمە فەزایەکی زیاترمان هەیە، وردە وردە ئەو فەزایە فراوانتر دەبێت".

## زەمینەی میدیا

### تەقینەوەی بەم دوواییانە

لە چەند ساڵی ڕابردودا، ژمارەی بڵاوکراوە میدیاییەکان بەڕاستیی تەقیوەتەوە. لەو هەرێمەدا کە نزیکە لە ٨٣،٠٠٠کم ٢، زیاتر لە ٨٥٠ بڵاوکراوەی میدیا هەیە (٤١٥یان ڕۆژنامە و گۆڤارن، ئەمە بەگوێرەی لێدوانەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان لە ٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٠ بۆ ئاژانسی ئاکانیوز.) و ٥٠٠٠ ڕۆژنامەنوس بەڕەسمیی تۆمارکراون لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان. گروپی میدیایی پێکدەهێنرێن.

ئەم تەقینەوەیەی میدیا دەتوانرێ بەشێکی بەوە ڕونبکرێتەوە بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە لە کوردستانی عێڕاقدا ئاسانە گروپێکی چاپەمەنیی دەزگایەکی میدیایی و بڵاوکردنەوە دروستبکەیت، بەتایبەت لە سێکتەری میدیای چاپ. بۆ دەزگا تەلەفزیۆنییەکان (سەتەلایت و لۆکاڵییەکان) و دەزگاکانی ڕادیۆ، مۆڵەتێک پێوسیتە بەدەستبهێنرێت لەلایەن وەزارەتی ڕۆشبیریی عێڕاقییەوە، بەهاوکاریی وەزارەتی ناوخۆ و گەیاندنەوە ڕێکدەخرێت. تێچونی مۆڵەت ساڵانە ٥٠٠،٠٠٠ دیناری عێڕاقییە (٣٠٣ یۆرۆ) بۆ دەزگای ڕادیۆ، ١ ملیۆن دینار ساڵانە بۆ دەزگای تەلەفزیۆنی ناوخۆیی و ٧ ملیۆن دینار و نیو ساڵانە بۆ دەزگای سەتەلایت (ژمارەکان لەلایەن هەڵگورد عەبدولوەهاب محەممەد عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی بەشی ڕێکخستنی میدیا لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکراون). سیستەمەکە بۆ میدیای چاپ گۆڕا لە ٢٠٠٧ دوای تەبەنیکردنی یاسای ڕۆژنامەنوسیی لە کوردستان. بەندی دووەم ئەو ڕەوتەی دەبێ لەبەرچاو بگیرێ، دیاریی دەکا واتە پێداویستی بۆ داوخوازی مۆڵەت لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دا دەگرێتەوە. فەرهاد عەونی سەرۆکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕایگەیاند "مۆڵەتدانێکی ئەوتۆ بەگشتی بێپسانەوە دەدرێ" بۆچوونێک کە گشت ئەو کەسانەش کە ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور لەگەڵیان دوا، دوپاتەیان دەکردەوە.

## کوردایەتی: کرۆکی ناسنامەی میدیای هەرێم

میدیای کوردیی بەتەواوی بە زمانی کوردیی پەخش و بڵاودەکاتەوە. ئەوان هەروەها هەواڵ بە ئینگلیزییش بڵاودەکەنەوە و یان بە عەرەبیی لەسەر ئینتەرنێت. "بۆ ئەو نەوەیەی لە دوای ۱۹۹۱ەوە لەدایکبووە، کە زۆربەیان بەشێوەیەکی تایبەتیی بە کوردیی قسەدەکەن، عێراق هەم فەزایەکی نزیکە هەمیش حەقیقەتێکی دورە."[١] بەرنامە هەواڵییەکانی کورد تەنها چەند دەقیقەیەکی کەم تەرخاندەکەن بۆ عێراق، پاشئەوەی بینەران ئاگاداردەکرێنەوە بەدرێژیی دەربارەی کوردستان.

## زەوییە ئیقلیمییەکان:

ئەمڕۆ، دو میحوەری سەرەکیی مدیا لە کوردستان هەن: هەولێر و سلێمانی. ئەم دابەشبونە جوگرافییە ئەنجامی گرنگیی پەیوەندییەکی ماوەدرێژە لەنێوان پارتە سیاسییەکان و میدیا، هەر وەک گفتوگۆکرا.

لەڕوی مێژوییەوە، هەولێر –پایتەختی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق – وادەردەکەوێت کە موحافیزکارتر و پەیوەستتر بێ بە عێراق لە سلێمانی، کە سلێمانی وەک شارێکی یاخیی و شاری رۆشنبیریی پلەیەک دادەنرێت، لەوێدا زۆرترین ئازادیی هەیە. زیاد لەوەش، سلێمانی شوێنێکە زۆربەی میدیا سەربەخۆکان بارەگاکانیان لەوێیە.

## ئینتیمای سیاسیی ترادیشناڵ:

لە ئەنجامی مێژوی میدیا و پەیوەندیی جەوهەرییان بە پارتە سیاسییەکانەوە لەوەتەی سەردەمی نهێنیی و تا ئێستا، نزیکەی هەمو بڵاوکراوە میدیاییەکانی کوردستان سەر بە حیزب بونە.

هەڵەتێگەیشتن لە بەرژەوەندییەکان لەنێوان دو حکومەتە دەستەڵاتدارەکە و دو حیزبە سیاسییە حاکمەکە، یەکێتی و پارتیی، تەرجەمە دەکەن بۆ دەستخستنی نزیکبونەوە لە میدیایەکی حیزبیی و لە ئەنجامدا بۆ نەبونی سیاسەتی حکومەتیی بە لەبەرچاوگرتنی میدیا. چیتر میدیای سەر بە دەوڵەت بونی نییە لەوەتەی تۆڕی گشتیی تەلەفزیۆنی نەورۆز وەستێنراوە لە پەخش لە مایسی ۲۰۱۰.

بەدران ئەحمەد حەبیب، بەڕیوەبەری گشتیی ئاژانسی ئاکانیوز، باوەڕی وایە "حکومەت پێویستە وەبەرهێنان بکات لە میدیا. ئەوە ئیشی پارتە سیاسییەکان نییە. بەڵام ئێستا، هیچ جیاوازییەک دروستنەکراوە لەنێوان حکومەت و پارتە سیاسییەکان، هەرچەندە ئەمە زەحمەت دەبێ بۆ کردنی." ئەو دەستنیشانیکرد کە تاوەکو میدیا و هەواڵ وەک سێکتەرێکی قازانجویستی ئابوریی رێکنەخرێن، هیچ شتێک لە کوردستان ناگۆڕێت".



"میدیای حیزبیی" – وا ناونراوە لەبەر ئینتیمای سیاسیی و راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ حیزبەکان تەمویلیان دەکەن – هەریەک دیمەنی هەواڵێکی لایەندار پێشکەشدەکەن- ئەوان موحەرەز نین بۆ هەر ئیشێکی قازانجویستی لەبەرئەوەی ئەوان لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە فەندیان دەدرێتێ. ئەنوەر حوسێن بازگر، سەرۆکی کۆمیتەی پاراستنی مافی رۆژنامەنوسان لە سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان وابیردەکاتەوە کە "شتێک هەیە لە میدیادا سیاسییە. ئەوە پێویستە بگۆڕرێ.رۆژنامەنوسان و میدیا بەگشتیی، بەشێوەیەکی سیاسییانە لاگیرن. ئەوان بێلایەن نین".



زوهەیر ئەلجەزائیری، بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵیی ئەسوات ئەلعێراق، لای خۆیەوە واهەستدەکات کە "میدیای شێوە سەربەخۆ (تێبینی: میدیای سێبەر) دروستکراوە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان میدیای سەربەخۆ و میدیای حیزبیی. کەس باوەڕ بە میدیای حیزبیی ناکات." ئەو رۆژنامانەی پێیاندەگوترێت "سەربەخۆ" هەوڵدەدەن بە بێلایەنیی بمێننەوە.

بۆیە، "لێرە، زیاتر لە هەر شوێنێک، پێویستمان بەوە هەیە سێ ڕۆژنامان بخوێنینەوە بۆ بەدەستهێنانی دیمەنێکی تەواو لەسەر یەک بابەت." یودیت نورینک، بەڕێوەبەری سەنتەری میدیای سەربەخۆ، ڕێکخراوێکی ناحکمویی کوردستانە، گلەییکرد.

## میدیا: ئەکتەرەکانی سیستەمی سیاسیی؟

دوای ئەوەی بزوتنەوە بەرگرییەکان و پارتە نهێنییەکان دەرکەوتن، میدیا ویستی ببێتە بەشێکی گرنگ لە سیستەمی سیاسیی و بێتە ناوی. کۆمەڵێک میدیا بڕیاریاندا ڕۆڵی پارتێکی سیاسیی بگێڕن، بونە ئەکتەری سیاسیی و ئاڵۆزییەکی مەترسیداریان دروستکرد لەنێوان گروپە سیاسییەکان و میدیا، ئەمە لەکاتێکدا کاری سەرەکیی میدیای سەربەخۆ لە وڵاتێکی دیموکراسیی بۆ ئەوەیە بەرهەنگاری دەستەڵاتی دامەزراو ببێتەوە بۆ خزمەتکردن وەک "دەستەڵاتی چوارەم". بە بڕوای یودیت نورینک "ڕۆژنامەنوسان باوەڕیان وایە کە ئەوان بەشێکن لە سیستەمی سیاسیی، ئەمە لەکاتێکدا دەبێت میدیا و سیاسەت لەیەکتر جیابن".



دانی KNN هۆشیار عەبدوڵا فەتاح، سەرنوسەری کەناڵی بەوە دانا "لە غیابی ئۆپۆزسیۆنێکی لێهاتو، ئەو ڕۆڵە لەلایەن میدیاوە گێردرا، سەرەڕای ئەمە تەنها دەبێت هێزێکی دژ بێ. ئەوە گرنگە کە میدیا لەکۆتاییدا دەبێت ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێت – کە دەستەڵاتی چوارەمە".

## بەرەنگاربونەوە سەرەکییەکە: میدیای سەربەخۆ

ڕۆژنامەنوسان، سیاسییەکان و بەرپرسانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کە لە کوردستان ئیشدەکەن تێڕوانینێکی یەکگرتویان نییە لەسەر دیمەنی میدیا لە هەرێمەکەدا. دوای نزیکەی چل چاوپێکەوتن، ڕێکخراوی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور لە کەمترین حالەتدا چوار تێڕوانینی جیاوازی لە چاوپێکەوتنە جۆراوجۆرەکانی حیسابکردووە.

**لەو توێژینەوەیەدا، ڕێکخراوەکە ئەو تێڕوانینەی خوارەوەی هەڵبژاردووە:**

- گروپی ١: گروپەکانی میدیا ڕاستەوخۆ سەر بە حیزبە سیاسییەکانن (وەکو: ڕۆژنامەی خەباتی پارتیی دیموکراتیی کوردستان، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانی یەکێتیی نیشتیمانیی کە لە ٢٠٠٨ دەستی بە پەخش کرد).
- گروپی ٢: ئەو گروپە میدیاییانەی کە ناڕاستەوخۆ سەر بە حیزبە سیاسییە حاکمەکانن، هەروەها بە "میدیای سێبەر" ناسراون، (ڕۆژنامەی ڕوداو کە سەرەتاییانە لەلایەن پارتییەوە فەندی دەدرێتێ، گۆڤاری سیڤیل بەهەمان شێوە و ڕۆژنامەی ئاسۆ کە لەلایەن یەکێتییەوە فەند وەردەگرێت).
- گروپی ٣: ئەو میدیایانەی کە ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە حیزبە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستان (وەکو: کەناڵی سپێدە کە لەلایەن یەکگرتوی ئیسلامییەوە لە ٢٠٠٨ دامەزرا، سەتەلایتی کەی ئێن ئێن کە لەلایەن کۆمپانیای وشەوە لە ٢٠٠٨ دەستی بە وەشان کرد، هەفتەنامەی کۆمەڵ، سەر بە کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان).
- گروپی ٤: ئەو میدیایانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن سەربەخۆن (هاووڵاتی، ئاوێنە، لڤین و بڵاوکراوەی بچوکی تری وەک ستاندارد و چەتر)

لەماوەی چاوپێکەوتنەکان کە لەلایەن ڕێکخراوەکەوە ئەنجامدران لە کوردستان، کێشەی سەرەکیی لە دەوری بیرۆکەی میدیای سەربەخۆ دەخوالەیەوە: ئایا میدیای سەربەخۆ لە کوردستاندا بونی هەیە؟

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بگەینە کۆدەنگییەک لەسەر بیرۆکەی سەربەخۆیی. ئایا مەبەست لە سەربەخۆیی ئابورییە یان سیاسیی؟ ئایا فشارەکان لەسەر میدیا سیاسیین، ئابوریین یان هەردوکیانن؟ ئایا میدیا ئازادە لەوەی هەمو ئەو

بابەتانە تەغتیە بکات کە دەیانەوێت یان بە پێچەوانەوە، دواجار زۆر شت تابون؟ ئایا هەمو ڕۆژنامەکان هەمان یاساکانی خۆ-سانسۆڕکردنیان هەیە ("هێڵە سورەکان")؟

بیرۆکەی بڵاوکراوەیەکی میدیایی سەربەخۆ تەنها دەتوانرێ ڕێژەیی بێ لەو هەرێمەدا، کە گۆڕەپانی سیاسیی و میدیا تەقلیدییانە بەستراون بەیەکەوە، لێرە کۆمەڵگە دامەزراوە لەسەر پەیوەندیی خێزانی بەهێز –ئەگەر عەشیرەتیی نەبێ- و هەمو هاووڵاتییان هاوڕان لەسەر ئەوەی "هەمو شتێک سیاسییە". ئیرادە بۆ سەربەخۆیی بەدڵنیایی هەیە. ئەمڕۆ، وا دەردەکەوێت کە ئۆپۆزسیۆنن بەرامبەر ئەو مۆدێلە کە لەلایەن "گاردی کۆن"ەوە، توێژی سیاسیی و ڕۆشنبیرەکان کە دەستەڵاتیان گرتبو بەر لە ۱۹۹۰ەکان دەمەزراوە.

# ئەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی ئازادیی چاپەمەنیی دەبنەوە لە کوردستانی عێراقدا

## یاسای ڕۆژنامەنوسیی لە کوردستان و جێبەجێکردنی

### یاسای ڕۆژنامەنوسیی ٢٠٠٧ لە کوردستان (یاسای ژمارە ٣٥): گەشەکردنێکی بەرچاو

ئێستا یاسای ڕۆژنامەنوسیی لە کوردستان لە واقیعی کوردستانی عێراق لەڕوی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی چاپەمەنیی گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، بەتایبەت لەبەرئەوەی ئەو یاسایە ڕێ لە سەرپێچییەکانی دژ بە میدیا دەگرێت. ئەو قانونە تەنها تایبەتە بە میدیای چاپ و نەک هەمو هۆکارەکانی گەیاندن. پڕۆژەیەکی دیکەی (شمولیتر ئێستا لەژێر ڕەچاوکردن دایە. (ئەو خاڵانەی خوارەوە ببینە

ئەم یاسایە بەرهەمی هەوڵەکانە کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانەوە دراون. پارلەمانی کوردستانی عێراق ئەو پڕۆژە یاسایەی هەموارکردەوە کە لەلایەن سەندیکاوە لە ٢٠٠٧ پێشکەشکرابو، هەندێک گۆڕانی نێگەتیڤ پێشکەشکران. لە بەرامبەردا سەندیکای ڕۆژنامەنوسان و میدیا پڕۆفێشناڵەکان نارەزاییان دەربڕی، لە ئەنجامدا ئەو هەموارکردنانەی لەلایەن پارلەمانەوە پێشکەشکرابون لابران.

لەگەڵ ئەوەشدا یاسای ڕۆژنامەنوسیی لەڕوی ئازادیی چاپەمەنییەوە پێشڤەچونێکی باشی بەخۆیەوە بینیووە، چەند کەموکورتییەکیشی هەیە. بۆ نمونە، سەرپێچیکردنە میدیاییەکان کە لە مادەی ٩ بەشی ٥ خراونەتەڕو، بەشێوەیەکی ڕون نەناسێنراون. بەکارهێنانی زاراوەی نارون سنورێکی فراوان جێدەهێڵن بۆ چەوساندنەوە و هۆکاری خۆیی.

زیاد لەمەش، ڕۆژنامەنوسان ئەوەیان دەستنیشانکرد کە ئەو بڕە پارەیەی دانراوە بۆ سزادانی دارایی ڕۆژنامەنوسان گەلێک زۆرە بەبەراورد بە ناوەندیی داهاتی ڕۆژنامەنوسان. مادەی ٩، پەرەگرافی ١ لە بەشی ٥، داوادەکات کە ڕۆژنامەنوسێک کە بابەتێکی تەشهیری بڵاوکردۆتەوە، سەرنوسەرەکەی دەتوانرێ لەنێوان ملیۆنێک بۆ ٥ ملیۆن غەرامە بکرێ. زیاد لەوەش، ئەو دەزگایەی کە بابەتەکەی بڵاوکردۆتەوە (ڕۆژنامەکە) لەوانەیە ناچاربکرێت کە غەرامەیەک بدات لەنێوان پێنج ملیۆن دینار بۆ بیست ملیۆن، وەک ئاماژەکراوە لە مادەی ٩، پەرەگرافی ٢ لە بەشی ٥. ئەو ڕاستییەی کە ڕۆژنامەنوسەکە بابەتەکەی نوسیووە، لەگەڵ سەرنوسەری ڕۆژنامەکە، لەوانەیە فەرمانبدرێت ئەو بڕە زۆرە بژمێرن، ئەوەش لەوانەیە وەک سەرچاوەیەکی خۆسانسۆڕکردن بێ لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری.

### سەرەکیترین زەحمەتیی لەگەڵ ئەو یاسایە: جێبەجێکردنەکەی

لەکاتێکدا ڕۆژنامەنوسان تەئکید لەسەر سروشتی داهێنەرانە و پارێزەرانەی یاسای ڕۆژنامەنوسیی ٢٠٠٧ دەکەنەوە، ئەو ڕاستییە ڕادەگەیەنن کە جێبەجێکردنی یاسەکە پشتدەبەستێ بە میزاجی قازییەکان، ئەوەش ڕادەگەیەنن کە دادگا سەربەخۆ نییە.

لەبەرئەوەی سیستەمی دیموکراسیی پشت بە لێکجیاکردنەوە دەستەڵاتەکان دەبەستێت، ئازادیی چاپەمەنیی دەستەبەر دەکرێ بەهۆی سەربەخۆیی دادوەرەکانەوە. بەگوێرەی ئاسۆس هەردی، بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ئاوێنە و دامەزرێنەری ڕۆژنامەی ئاوێنە، هەرچەندە هەندێک دادوەر سەربەخۆن، ئەوانی تر بەڕونیی لەلایەن حیزبە سیاسییەکانەوە دەستنیشاندەکرێن، نمونەی بەیەکێک لەو سکاڵایانە هێنایەوە کە دژی ئەو تۆمارکرابون کاتێک سەرنوسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتیی بو.

زیاد لەمەش، هەمو ئەو پێشێلکارییانەی دژی رۆژنامەنوسان بەکاردێن دەستنیشاننەکراون لە یاسای رۆژنامەنوسییدا (مادەی ٩، بەشی ٥). بەتایبەت، "پێشێلکارییەکانی ئاشتیی" ئاماژەیان پێنەکراوە. هەروەها. لە توانادا نییە سیستەماتیکییانە بناغەی بڕیارەکانیان لەسەر پێشێلکارییەکان دابنێن وەک لە یاساکەدا پێناسەکراون، دادوەرەکان ناچارکراون یاسای سزادانی عێراقی ساڵی ١٩٦٩ بەکاربێنن. بۆ نمونە، یاسای سزادانی عێراقیی رێدەدات بە زیندانکردن لەبەر پێشێلکاریی تەشهیر و ناوزڕاندن لە حاڵەتی پێشێلکارییەکانی ئاشتیی. رۆژنامەنوسان رەخنەی ئەوەیان گرت کە دادوەرەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تەنها یاسای سزادانی عێراقی دەتوانرێ جێبەجێبکرێت –کە زیاتر توندە-.

وەکو کەیسی ئەو سکاڵایەی کە لەلایەن مەسعود بارزانییەوە تۆمارکرا دژی ئەحمەد میرە، سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری لڤین لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ (دۆکیۆمێنتەکە ببینە).

## یاسایەکی نوێ جێی نیگەرانیی رۆژنامە سەربەخۆکانی کوردستانە

لە ماوەی میشنی دۆزینەوەی راستییەکان، نوێنەرانی رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور گوێبیستی قسەوباس بون دەربارەی ئیحتیمالی چەند گۆڕانێک لە یاسای رۆژنامەنوسیی کوردستان. لە وێنای بارودۆخی ئێستای کوردستانی عێراق، زۆر لە رۆژنامەنوسان شڵەژاون کە ئەگەری هەیە یاساکە توندتر بکرێ، یان لەوانەیە رێکبخرێ لەگەڵ یاسای سزدانی عێراقیی ١٩٦٩، ئاماژەی گەڕانەوەن بۆ پێشێلکاری چاپەمەنیی.



بەگوێرەی قسەکانی رەحمان غەریب، بەڕێوەبەری سەنتەری میترۆ بۆ بەرگریکردن لە رۆژنامەنوسان "ئەوە جێگەی ترسە کە ئەوان ئەو ئیمتیازانە دەگێڕنەوە کە پێشتر هاتبونەدی. ئەوان یاسایەکی دروستکراو بۆ خۆیان دەوێت. سەرەڕای ئەوە، ئێمە باوەڕمان وایە کە ئازادیی رادەربڕین ناکرێت دیارییەک بێ لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە ببەخشرێت".

"من بەجدیی باوەڕم وایە ئەمڕۆ ئێمە لە مەترسیی داین. ئەوە رونە کە مەسعود بارزانیی نەخشەی داناوە بۆ گۆڕینی مادەی ٩ی یاسای رۆژنامەنوسیی بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە دۆخێک کە تێیدا سزای زیندان دەتوانرێت بسەپێنرێت بەسەر رۆژنامەنوسان و دەسەڵات بتوانێ دەزگا میدیاییەکان دابخات." ئەحمەد میرە، سەرنوسەری گۆڤاری لڤین ئاشکرایکرد.

لەلاکەی ترەوە، سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان، رەتیکردەوە کە هیچ نەخشەیەکی سیاسیی لەو جۆرە هەبێت. فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکا رایگەیاند "ئێمە چاومانکەوتووە بە سەرۆکی هەرێم، ئەو ئێمەی دڵنیاکردەوە کە هیچ یاسایەک ئازادیی رۆژنامەنوسان سنوردار بکات ئیمزاناکرێت. سەندیکای رۆژنامەنوسان رێنادات هیچ پێشێلکارییەکی وا روبدات. ئێمە بۆچی قبوڵبکەین هەمو شتێک لەدەستبدەین کە زۆر بە جدی شەڕمان بۆ کردووە بۆ پاراستنی؟".



لەماوەی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ پەیامنێرانی بێسنور، کاوە مەحمود، وەزیری رۆشنبیریی و لاوان و وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشبینی ئیحتیمالی جێبەجێکردنی یاسایەکی زانیاریی گشتیی کرد کە بۆ هەمو میدیاکان بێ نەک هەر میدیای چاپ. بە بۆچونی ئەو، ئەو یاساییە ئێستا بۆ میدیا بەڕێوەدەبرێ دەستوریی نییە، بەوەی کە یاساکە رێزی هەمو پرینسیپڵە بنەڕەتییەکانی یەکسانیی لەنێوان هاووڵاتیان ناگرێت. ئەو دەستنیشانی ئەو جیاوازییە زۆرانەی کرد لەنێوان یاسای رۆژنامەنوسیی لە واقیعی کوردستان و یاسای سزادانی عێراقیی ١٩٦٩. ئەو جەختیکردەوە چەند نادادگەرانەیە کە هاووڵاتییان لەبەرامبەر تەشهیرکردن بە کەسێک زیندانیبکرێن بەڵام رۆژنامەنوسان تەنها پارە بژمێرن. ئەو ئەوەشی زیادکرد کە ئەو بڕە پارەیەی لە یاسای

ڕۆژنامەنوسیی ٢٠٠٧ی کوردستان دانراوە ئەوەندە ڕازیکەر نییە: "پێژماردنێکی پێنج ملیۆنی کەمە. هەرکەسێک دەتوانێت سوکایەتیی بە کەسێک بکات و شتێک بنوسێ دەربارەی ژیانی تایبەتیی کەسەکان."

ئەو دو هەڵبژاردنی ڕونکردنەوە کە ئێستا هەن: یان ئەوەتا یاسای ڕۆژنامەنوسیی هەمواربکرێتەوە بۆئەوەی تەریببکرێت لەگەڵ یاسای سزادانی عێراقیی، یان دەبێت یاسای سزادانی عێراقیی هەمواربکرێتەوە و هاووڵاتییەک و ڕۆژنامەنوسێک هەمان سزا هەڵبگرن و یەکسان بن، لەگەڵ زیادکردنی سەپاندنی غەڕامە. ئەو ئاماژەی بەوە دا کە بڕیارە دواییەکانی لا پەسەندە.



دکتۆر بەرهەم سالح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "من میدیایەکی ئازادم دەوێ، بەڵام دۆخی ئێستا وەک دۆخێکی ئەنارچییە، و دەتوانرێت دژی ئازادیی ڕادەربڕین بەکاربهێنرێت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە سیستەمی ئێستا ڕێکبخرێت."

لە ئەیلولی ٢٠٠٩، محەمەد مەلا قادر، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتیی کوردستان، لە ڕۆژنامەی دەستور بەڕونی ئاماژەی بەو ویستە کرد کە دەیەوێت یاساکە هەمواربکرێتەوە: "یاساکە کە ئێستا لە واقیعی کوردستاندا بونی هەیە گارەنتیی هەمان ماف ناداتە هەووڵاتییان و ڕۆژنامەنوسان. ئازادی پێویستە بۆ هەمووان وەک یەک بێت. بەو یاسایە، ئازادیی گارەنتیی کراوە تەنها بۆ ڕۆژنامەنوسان. ڕۆژناموسان ناکرێت ئەوەی پێی ئاسودە بون بینوسن."

هێشتا زۆر لە ئەندام پارلەمانەکانی کوردستان هەستدەکەن کە هەرچەندە یاسای ڕۆژنامەنوسیی تەواو نییە، پێویستە بە نەگۆڕاوی بمێنێتەوە. لەناویاندا زانا ڕەئوفی یاسادانەر کە نوێنەرایەتیی بزوتنەوەی گۆڕان دەکات. "ئەو یاسایەی کە ئێستا هەیە، کۆمەڵێک کەموکورتی هەیە. بەڵام شایانی ئەوەیە کە هەبێت. سەرەتا و بەر لە هەر شتێک، حکومەت پێویستە جێبەجێبیکات. ئێستا ڕونە کە دەستەڵاتداران دەیانەوێت هەمواریبکەنەوە بۆئەوەی ئازادیی ڕادەربڕین سنوردار بکەن. من ترسی ئەوەم هەیە کە ئەگەر ئێمە دیبەیتی ئەو یاسایە دەستپێبکەین، ئێمە تەنها گارەنتییەکانمان پێلاوازدەکرێت کە بەدەستمان هێناون، زیاتر لەوەی پەرەپێبدەین. کێشەکە ئەوەیە دو حیزبە دەستەڵاتدار و سەرەکییەکەی کوردستان بە عەقڵیەتی زۆرینە پێیان وایە دەتوانن هەر یاسایەک بخوازن تەبەنیی بکەن."

کەواتە پرسی ئەگەری پێداچونەوە بە یاسای ڕۆژنامەنوسیی وا دەردەکەوێت هاتبێتەگۆڕێ. ئایا ئەوە بەرەو ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینە دەچێ، ئەگەر وابێ، ئەو ڕیفۆرمە تا کوێ دەچێ؟ گەلۆ مرۆ دەکرێ ترسی ئەوەی دە دڵ بگەڕێ کاربەدەستان هەڵوێستێکی توندوتیژتر لە خۆیانەوە بنوێنن؟ ڕەنگە وابێ. بەپێی ئەوەی کە پەیامنێرانی بێ سنور لە ماوەی ڕاسپاردەکەیاندا توانییان ببینن – ئەوە زۆر زیاتر وێدەچێ ئەگەر ڕادەربڕین بە پێی یاسا لە لایەن هێندێک لە کاربەدەستانی پایەبەرزی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بکرێ. وەسوەسەی دەستەڵاتخوازی، ڕاستەقینەیەکی سیاسی هەییە لە کوردستان، ناکرێ چاوی لێ هەڵببوێردرێ.

## :ڕاسپاردەکان

### :بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

یاسای ڕۆژنامەنوسیی کوردستان کە ئێستا هەیە دەستکاریی مەکەن، لەبەرئەوەی - هەرچەندە تەواویش نییە، بەڵام گەشەکردنێکی زۆر لە ڕووبەری ئازادیی چاپەمەنیی پێکدێنێت.

:هەر گۆڕانێک بکرێت، پێویستە ئەوە دڵنیابکرێتەوە -

ئەم یاسایە جۆرەکانی دیکەی میدیا ناگرێتەوە. هەموو هۆکارەکانی گەیاندن پێویستە > لەڕێی یاسایەکی تایبەت ئیدارەبکرێن، یاسایەک کە ئەوەندەی بکرێت پارێزەر بێت. میدیای .چاپ پێویستە یاسایەکی تایبەتی جیای هەبێ لە هۆکارەکانی دیکەی گەیاندن

ئەو مادانەی پوچەڵکردنەوەی سزا دەستەبەردەکەن کە ڕۆژنامەنوسان لە ئازادییەکانیان > .بێبەش دەکەن جێگیر کراون

.تۆمەتبارکردنەکان کە دەتوانرێ دژی ڕۆژنامەنوسان بهێنرێن زیاتر ڕوونن >

بەرپرسیارێتیی دارایی ڕۆژنامەنوسان لەکاتی ڕودانی تۆمەتبارکردنی پێشێلکارییەکی > .چاپەمەنیی پێویستە کەمبکرێتەوە

سەربەخۆیی قەزا زیاتر زەمانەت بکرێت، ئەوکاتە یاسای ڕۆژنامەنوسیی دەتوانرێ > .جێبەجێبکرێ بە بەستنەوەی بە ڕۆحی یاسا

## "هێڵە سورەکان"

هەرچەندە دۆخی ئازادیی چاپەمەنیی لە هەرێمی کوردستان باشترە لە وڵاتەکانی دیکەی هەرێمەکە و لە چەند ساڵی رابردودا گەشەیکردووە، هێشتا زۆر بابەت وەک تابو ماونەتەوە. رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور ئیدانەی "هێڵە سورەکان"ی کردووە کە سەپێنراون بەسەر ئازادیی رادەربڕیندا، بێ رەچاوکردنی سروشت یان پاساوی سیاسییان یان مێژوییان.

ئەوانە تەنها لە کوردستانی عێراقدا نین. هێڵە سورەکان هەروەها جۆراوجۆریشن: تەنها لەڕوی کاتەوە نا (پێشتر/ئێستا) یان شوێنی جوگرافیی (هەولێر/سلێمانی)، بەڵکو لە بڵاوکراوەیەکەوە بۆ بڵاوکراوەیەکی تریش هێڵە سورەکان جیاوازن، ئەمەش پشتدەبەستێ بە ئینتیمای سیاسییان.



بەگوێرەی سەرنوسەری هاووڵاتیی، کەمال رەئوف، "پێش ٢٠٠٣، بابەتی وا هەبو کە ئێمە نەماندەتوانی باسیان بکەین، وەکو گەندەڵیی و پێشمەرگە. ئەمڕۆ، ئەوە گۆڕاوە." ئاسۆ حەمید، بەرپرسی بەشی هەواڵ لە کەناڵی سپێدە، سەرنجیدا "ئەوەی لە سلێمانی رێگەی پێدراوە لەوانە نییە لە هەولێر رێگەی پێدرابێت. لەوێ هیچ سنورداکردنێکی ئەوتۆ نییە. بەهەمان شێوە ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی ئێمە لەسەر کامە حیزب یان کەسایەتیی سیاسیی دەنوسین. ئەوە وا لە رۆژنامەنوس دەکات بە زەحمەت ئیشبکات."

**لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک سەوابیت هەن لەناو ئەو "هێڵە سور"انەدا.**

- **ئایین** (بەر لە هەر شتێک روخسارە ئاینییەکان)

- **سێکس** (پەیوەندییە سێکسییەکان، ئارەزووە سێکسییەکان، تاد...) یەکێک لە نمونە بەرچاوەکان ئەو سکاڵایەیە کە لە نیسانی ٢٠١٠ لەلایەن لیژنەی کاروباری ئاینیی پارلەمانی کوردستان دژی گۆڤاری وێران، گۆڤارە وەرزییەکەی فەرهاد پیرباڵ تۆمارکرا کە بەشێکی ئیرۆتیکی نماییشکردبو. گۆڤارەکە و ئەوانەی بەشدارییان کردبو تۆمەتبارکران بەوەی کە دژی ئایینن و بێ مۆڕاڵ و سێکیولارن.

- **سەرۆک عەشیرەتەکان و سەرکردە مێژوییەکان وەک مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی.** زۆربەی دانیشتووانی هەرێم هێشتا ئەوانە وادەدەنێن کە شایانی ئەوەن رێزیان لێبگیرێت لەبەر ئەو قوربانییانەی ئەوان داویانە بۆ پێشڕەویکردنیان بۆ ئازادیی.

یەکێکی تر لە رودواە مەترسیدارەکان کەمپینی پارتیی دیموکراتیی کوردستان بو کە دژی گۆڤاری لڤین و رۆژنامەنوسەکانی راگەیاند دوای بڵاوبونەوەی چاوپێکەوتنێکی خوێندکارێکی دکتۆرا لە ١ی ئابی ٢٠١٠ کە پرسیاری دروستکردبو لەسەر پاڵەوانێتیی مەلا مستەفای بارزانی، سەرکردەی مێژویی پارتیی و باوکی مەسعود بارزانی سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان و یەکێک لە سەرکردە سەرەکییەکانی شانۆی سیاسیی کوردستان تا مردنی لە ١٩٧٩.

بڵاوکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنە، -رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور سورە لەسەر ئاماژەدان – کە ژمارەیەک کێشەی هەبو لەڕوی ئەخلاقی رۆژنامەوانیی و پرۆفێشناڵییەوە (ئەو خاڵەی خوارەوە ببینە) دنەی زۆری توڕەیی و سۆزی دا. خەبات، رۆژنامەی رەسمیی پارتیی، نامەیەکی بڵاوکردەوە بەڕونی هەڕەشەی لە رۆژنامەنوسەکانی لڤین دەکرد. گروپێکی گەنجانی پارتیی هەمان شتیان کرد. هەندێک نامەی هەڕەشەئامێز لە هەولێر و سلێمانی بڵاوکرانەوە کە داواندەکرد سەرنوسەری گۆڤاری لڤین، ئەحمەد میرە، داوای لێبوردن لە رای گشتیی بکات. میرە گوتی "هەردو بنەماڵە سەردەستەکەی کوردستان مێژوی خۆیان دەنوسنەوە، ئێمەش نیگەرانیان دەکەن بە بڵاوکردنەوەی تێڕوانینی جیاواز لەوەی ئەوان پێشکەشیدەکەن."

- **گەندەڵی**

گەندەڵی لە هەمو شوێنێکە لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حیزبە سیاسییەکان. بەڵام ئێمە ناتوانین دەربارەی" بنوسین چونکە زۆر ترسناکە." یەکێک لە ڕۆژنامەنوسەکان وایگوت کە وایهەڵبژارد ناوی بە نەزانراوی بمێنێتەوە. سەرەڕای ئەوە، هەرکەسێک دەتوانێ زۆر بابەتی ڕۆژنامەوانیی لەسەر ئەو مەسەلەیە بخوێنێتەوە. بەڵام دواجار زۆر زەحمەتە بۆ ڕۆژنامەنوسان دەربارەی ئەو بەسنیزانە بەدواداچون بکەن و بنوسن کە پەیوەندییان بە سەرکردە سیاسییەکانەوە هەیە – کێشەیەک کە زۆر دورە بۆ ڕۆژنامەنوسانی کوردستان تایبەت بێت – لەبەرئەوەی ئەو جۆرە

- **وڵاتە دراوسێکانی کوردستانی عێراق، بەتایبەت ئێران**



دڵزار عارف، بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکانی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانی یەکێتیی، دانی بەوە دانا کە ئێران بابەتێکی حەساسە. "کاتێک ئێمە زانیارییەکی نێگەتیڤ دەربارەی ئێران بڵاودەکەینەوە، بەرپرسانی ئێران سنورەکان دادەخەن، ئێران

- **مەسەلەی حەساسی دۆخی کەرکوک**

ئەم شارە تێکەڵە لە دانیشتوان، کە تێیدا هیچ سەرژمێرییەک لەوەتەی ١٩٥٧وە ئەنجامنەدراوە، وەک "قودسی کوردستان" دادەنرێت. بەرەنگاربونەوەی بانگەشەی ئەوەی کەرکوک شارێکی کوردستانییە شتێکی موستەحیلە بۆ ڕۆژنامەنوسانی کوردستان.

مادەی ١٤٠ لە دەستوری عێراقیی ٢٠٠٥ داوای سەرژمێرییەک و ریفراندۆمێک دەکات بۆ دیاریکردنی ویستی هاووڵاتییانی کەرکوک و ئاخۆ دەبێ پەیوەست بێ بە کوردستانی عێراقەوە یا نا. هەرچەندە، لەبەر ئامادەبونی جڤاکی تورکیی لەو هەرێمەدا، تورکمانە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان دژین، دەیانەوێ شارەکە بکەنە سیمبولی



یەکێک لە ڕاستییەکان ئەوەیە کە میدیای پەیوەست بە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە "هێڵە سورەکان" بەسەر خۆیان دەسەپێنن بۆئەوەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی خۆیان بپارێزن. بۆ نمونە، ئاسۆ حەمید لە کەناڵی ئاسمانیی سپێدە ڕایگەیاند کە "سپێدە کەناڵێکی میدیایی رەسمیی یەکگرتوی ئیسلامییە. وەک حیزبێکی سیاسیی و ئەندام لە ئۆپۆزسیۆن، ئێمە "هێڵی سور"مان هەیە و ئەوەش ئاساییە. لە ڕاستیدا، ئەگەر ئێمە رەخنەی زۆر توند لە حکومەتی هەرێم بگرین،

جگە لەو هۆکارە حیزبییانە، هێڵە سورەکان بەڕونی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنوسانەوە کە جەخت لە یەکگرتویی کەرتبونی هەرێمی کوردستان دەکەنەوە قبوڵدەکرێن و لێیتێدەگەن، بەوەی چونکە هێشتا پاشماوەی بیرەوەرییەکانی شەڕی ناوخۆ زۆر زیندون. دڵزار عارف ڕونیکردەوە "شەڕی ناوخۆ زۆر لە پشتمانەوە دور نییە. وێنەکەی هێشتا هەڕەشەمان لێدەکات."

زیاد لەوەش، هەتا ئەگەر کۆمەڵگەش گەشەبکا، بە تەقلیدیی دەمێنێتەوە. هۆشیار عەبدوڵا سەرنوسەری هەواڵ لە سەتەلایتی کەی ئێن ئێن گوتی "هێڵە سورەکان بەڕاستی بەرهەمی کۆمەڵگەن. کرانەوەی کوردستان دەبێت پرۆسێسێکی پلەبەندیی بێت."

هێشتا هەندێک ترسیان هەیە لە ئاماژەدان بەو بابەتانە، ڕۆژنامەنوسان ئەهریمەنەکانی ڕابردو بەخەبەر دێننەوە و سندوقی پاندۆرا دەکەنەوە (سندوقی پاندۆرا؛ خورافیاتێکی یۆنانییە کە لەکاتی کردنەوەی کۆمەڵێك شەیتان دەردەکەون و ڕەتکردنەوەیان سەختە). ئەمە لەوانەیە تاڕادەیەک حەماسەتی نارەزایەتییەکان ڕونبکاتەوە کە بە دوای بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنەکەی ڤینەوە هاتن و بەڕونی پرسیاری لەسەر پاڵەوانێتیی مەلا مستەفا دروستکردبو. پاڵەوانەکان یەکگرتویی دروستدەکەن، ئەوان یەکگرتو دەبن. بەرەنگاربونەوەی ئەوان یان هێرشکردنە سەریان یەکسانە بە پرسیارکردن لە تەواوی ستراکتۆرەکە کە ئەوان بنیاتیان ناوە. زۆر بڕوایان وایە کە مامەڵەکردن بەم جۆرە مەترسییە لەسەر مانەوەی کوردستان، لەبەرئەوە هەندێک پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆ میدیای سەربەخۆ درێژدەکەن، وایاندەبینن کە "دوژمنی خەڵکی کوردستان" یان "جاش" بن. هەندێکی تر وادەبینن ئەوە تاکە ڕێگەیە کە کۆمەڵگەی کوردیی بە گرنگییەوە گەشەبکات.

## ڕاسپاردەکان:

**<u>بۆ دەستەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:</u>**

ڕۆژنامەنوسان پێویستە ڕێگەیان پێبدرێ هەمو بابەتێک بەوردی و پرۆفێشناڵیی تەغتییە بکەن. هیچ بابەتێک نابێت تابو بێ.

# بێباوەڕی و هەڵەتێگەییشتن:

# لەمپەرەکانی بەردەم ئازادیی چاپەمەنیی

پەیامنێرانی بیسنور تێبینیی بێباوەڕی کرد –تا رادەی گومان- لەلای سیاسییەکان بەرامبەر میدیا و بەپێچەوانەشەوە. لە کوردستاندا ناڕونییەک هەیە لە تێگەییشتنی دولایەنە سەبارەت بەو رۆڵانەی لەلایەن هەردو لاوە دەگێڕدرێن لە سیستەمێکی سیاسیی دیموکراتیی.

## بنەڕەتەکانی ئەم بێباوەڕییە



بەگوێرەی قسەکانی سەرنوسەری روداو، ئاکۆ محەمەد، "سیاسییەکان درک بە گرنگیی میدیا ناکەن." لەلاکەی ترەوە، زۆر لە رۆژنامەنوسان لە گرنگیی رۆڵی سیاسییەکان ناگەن.

کەمیی تێگەییشتن هەڵسوکەوتی پۆلی سیاسیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ("پاسەوانی کۆن") کە میراتی لە سەردەمی نهێنییەوە وەرگرتووە پێشدەخات. دەتوانرێ ئەو راستییە دەستبخرێ کە تەنها ماوەیەکی کەم بو ئەو سیاسییانە لە خۆشاردنەوە هاتبونە دەرەوە و پێویستە ئێستا بەئاشکرایی بەرامبەر بڕیارەکانی خۆیان بوەستن. کەمیی پرۆفێشناڵیزمیش لەلای بەشێک لە بڵاوکراوە میدیاییەکان بەشێکی دیکەیە لە کێشەکە.

## هەرێمێکی بچوک لە ناوەندی گواستنەوەدا



یەکێک لەو هۆکارانەی کە لەلایەن بەدران ئەحمەد حەبیب، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی هەواڵیی ئاکانیوز خرایەڕو، کەمیی زانیاریی پێویست بو بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان. "کوردستان هەرێمێکی تازەیە. ئەوە رونە کە هەمو بەڕێوەبەرایەتییەکان ناتوانن ئەوەندە زانیاریی ئامادەبکەن بە تەنیا چونکە ئەوانە ئەو زانیارییانەیان نییە."

هەرچەندە هەردو حکومەتی یەکێتیی و پارتیی بیست ساڵە بونیان هەیە، ئەوە تەنها لە ٢٠٠٥ بو کە دەستوری حکومەتی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق بەڕەسمیی ناسێنرا و لە ٢٠٠٦ هەردو حکومەتەکە یەکیانگرتەوە.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دکتۆر بەرهەم سالح بەئاشکرایی گرنگیی سەلماندنی ئەو راستییەی کە کوردستانی عێراق ئێستا بە قۆناغی گواستنەوەدا دەڕوات، بۆ نوێنەرانی پەیامنێرانی بێ سنوری رونکردەوە. "گواستنەوە لە بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕییەوە بۆ حوکمی یاسا. گواستنەوە لە کۆمەڵگەیەک کە بناغەکەی لەسەر بەها عەشائیرییەکان بو بۆ قۆناغێک کە لەسەر پرینسیپڵە مۆدێرنەکان دامەزراوە. کوردستان روبەڕوی تەحەدای بێژمار بۆتەوە، بەتایبەت کەلتوریی و ئابوریی."

## هەڵویستی سیاسییەکان بەنهێنیی دروستکراوە

ژمارەیەکی جیاواز رۆژنامەنوسان باوەڕیان وایە کە سیاسییەکانی هەرێم هەڵوێستێکیان هەیە کە بەبەهێزی کاریگەریی بە تۆتالیتارییەوە تێکراوە، سەرەڕای ئەوەی گوتارەکانیان وانیشاندەدەن کە گۆڕان و پێچەوانەی ئەمەیان دەوێت. ئاسۆس هەردی جەختی لەوە کردەوە کە سەرکردە سیاسییەکان کە ئێستا حکومەتی هەرێم بەڕێوەدەبەن، بێ رەچاوکردنی پێشینەی سیاسییان، هێشتا وابیردەکەنەوە کە پێویستە ئەوە بلاوبکرێتەوە کە ئەوان بڕیاری لەسەر دەدەن. "هیچ لەوان بەتەواویی وازیان لەو ئایدۆلۆژییە تۆتالیتارییە نەهێناوە. هەندێک، وەک تاک، وازیان لەو جۆرە بیرکردنەوە هێناوە، بەلأم حیزبەکان نا." ئەوەشی زیادکرد "هەتا ئەگەر ئەوە دەربارەی ئەوان راست نییە و هەندێک وەزیر دەیانەوێت وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە، وەک یاسا سیاسییەکانی هەرێم بەتەواویی موقنیعن کە ئەوان پێویست نییە وەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەنوسان بدەنەوە".

ئەو راستییەی ئەو سیاسییانە لە ژینگەیەکی نهێنییەوە سەریان دەرهێناوە، هەروەها کاریگەرییەکیشیان هەیە لەسەر پەیوەندییەکانیان لەگەڵ میدیا. "با ئەوە لەبیرنەکەین کە زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی ئەمڕۆ نهێنیی بون کاتێک سەدام حوسێن لەسەر دەستەلأت بو. ئەمڕۆ، ئەوان بەردەوامی دەدەن بە مامەڵەکردن بە هەمان شێوە، وەک ئەوەی هەمو شتێک نهێنییە و پێویستە بە نهێنیی بمێنێتەوە." بەدران ئەحمەد حەبیب ئەو سەرنجەی دا.

لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەمو شتێک نییە." رۆژنامەنوسێکی تر ئەو ئەنجامەی دا، هەروەها سروشتی" سەرەتایی حیزبە سیاسییەکانیش.

لەماوەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نوێنەرانی پەیامنێرانی بێسنور، کاوە مەحمود، وەزیری رۆشنبیریی و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردسان، دانی بەو هەڵسوکەوتە دانا "من وا هەستدەکەم رۆژنامەنوسان پێویست نییە هەمو شتێک بزانن. ئەو زانیارییەی مافی رۆژنامەنوسانە بیزانن بۆیان فەراهەم کراوە و زانیاریی تریش نا. رۆژنامەنوسان -بێگومان هەمویان نا- وابیردەکەنەوە ئەندام پارلەمان بن".

## کەمیی راهێنانی رۆژنامەنوسان

هەمو ئەوانەی کە نوێنەرانی رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور چاوپێکەوتن، بەتایبەت پیشەگەرانی هەواڵ، جەختیان لە نەبونی پڕۆفێشنالیزم دەکردەوە، بەتایبەت نەبونی راهێنان. تەماشاکردنێک بە بلاوکراوەکانی ئێستای هەرێمدا بەڕونی ئەوە نیشاندەدات کە هەندێک لەرۆژنامەنوسان نازانن جیاوازیی بکەن لەنێوان زانیاریی و بیروڕادا، یان رەخنە و تەشهیر. "زمانی شەقام و زمانی میدیا هەمان شتن،" رەحمان غەریب وایگوت، بەڕێوەبەری سەنتەری میترۆ بۆ بەرگریکردن لە رۆژنامەنوسان. ئەوە کەمیی پڕۆفێشناڵیزمە کە لە زۆر پێشێلکاریی میدیادا رەنگی داوەتەوە.

زۆربەی رۆژنامەنوسان لەناو گروپە سیاسییەکانەوە گەشەیان کردووە و بۆیە هیچ راهێنانێکی تەواویان وەرنەگرتووە دەربارەی میدیا.

میدیا بەخێرایی گەشەیکردووە لەسەر حیسابی نەوعییەت، و هەر تازەپێگەیشتویەک دەتوانێ بانگەشەی ئەوە بکا کە" ببێتە رۆژنامەنوس (...) لە ئەنجامدا، ٩٧%ی رۆژنامەنوسەکانی ئێمە پڕۆفێشناڵ نین. ئەوان هیچ مەفهومێکیان نییە دەربارەی ئێتیک و ئیلتیزاماتی مۆراڵیی. زیاد بۆ ئەمەش، لەو هەرێمە هیچ راهێنانێک نییە." فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ InfoSud رەخنەی گرت ٢٠١٠ لە ١٧ی ئەیلولی، (http://www.infosud.org/spip.php?article8396)..



رەزوان بادینی، بەسەرۆکی بەشی میدیا لە زانکۆی سەلأحەدین، رونیکردەوە کە لە ٢٠٠٠دا، تەنها چوار رۆژنامەنوس کە ئیشی رۆژنامەوانییان دەکرد لەو بوارەدا دیپلۆمایان هەبو. "سەرەتا، ئێمە رۆژنامەنوس نەبوین، بەڵکو نوسەر بوین" ئاسۆس هەردی ئاماژەی کرد، کە خۆی ئەندازیارە. "لە ئیشەکەدا بوینە رۆژنامەنوس." مەسعود عەبدولخالق، سەرنوسەری ستاندارد وایگوت، ئەو لە بەشی بیریکاری لە زانکۆ دەرچووە.

سیاسییەکان نایانەوێ لێدوان بدەن بۆ دەزگاکانی میدیا، ئەوان نیگەرانن لەوەی کە قسەکانیان بە هەڵە بڵاودەکرێنەوە. زیاد لەوەش، بۆ پاسەوانیکردن لە هەڵە تەفیسرکردن، زیاتر کەسایەتییە سیاسییەکان داوادەکەن پرسیارەکان وەربگرن و بە نوسین وەڵامیان بدەنەوە. هەندێکیان هەتا داوادەکەن ریکۆردی ڤیدیۆیی چاوپێکەوتنەکە بکرێت.

ئەوە رونە ئەمڕۆ بەهۆی بڵاوکردنەوە، لە ١ی ئابی ٢٠١٠، چاوپێکەوتنێک تەحەدای رۆڵی مەلا مستەفای کرد لە مێژوی کوردستاندا، گۆڤاری لڤین بەکارهێنرا. ئەوە ئەرکی ستافی نوسینی گۆڤاری لڤین بو بۆ ئەوەی پێشینەی ئەو خوێندکارەی دکتۆرایە بپشکنن کە کار لەسەر مێژوی مۆدێرنی کورد دەکات و بانگەشەکانی لێکبدەنەوە. قانعی فەرد خوێندکاری دکتۆرا نییە و لە هارڤاردیش نییە. ئەو کەسە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوای دەرچونی ژمارەی گۆڤاری لڤین ئەوەی بە رۆژنامەی خەباتی پارتیی راگەیاند کە ناوەڕۆکی قسەکانی لە لڤیندا رەتدەکاتەوە. ئینجا دوبارە پەیوەندیی بە لڤین کردەوە و لیدوانەکانی لە خەباتدا رەتکردنەوە.

ئەوە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ، بەهەرحاڵ، بە دوای ئەوە رێیخۆشکرد بۆ کەمپینێکی توند دژی لڤین و رۆژنامەنوسانەکانی. بۆئەوەی کەمیی پرۆفێشناڵیزمی نوسەر و رۆژنامەنوسەکانی خۆیان نەهێڵن، سەرنوسەری هەندێک لە دەزگای میدیایی جۆرێک لە بەڵێننامەی ئێتیکی رۆژنامەوانییان پێشخستووە. بۆ نمونە، پەیامی ئاوێنە بریتییە لە "متمانەی گشتیی لە ئاوێنە پشت بە کیبۆڕدەکەت دەبەستێت".

زیاد لەوە، بۆ نەهێشتنی ئەو کێشەیە -سوپاس بۆ پشتیوانیی رێکخراوی ناحکمویی سەنتەری میدیای سەربەخۆی کوردیی- هەندێک لە سەرنوسەری بڵاوکراوە میدیاییەکان بەیەکەوە کۆدێکیان فۆرمولە کردووە کە پێویستە لە کۆتایی ٢٠١٠ پێشکەشبکرێت.

زۆر بەرنامەی دەستپێشخەریی راهێنانی میدیا دەرکەوتون لە دەساڵی رابردودا بۆ پەرەپێدانی چۆنایەتیی کاری رۆژنامەنوسان، هەروەها پرۆفێشناڵییەکەشیان. لەناویاندا، ئەو کۆرسانەی کە لەلایەن سەنتەری میدیای سەربەخۆی کوردیی پێشکەشکراون، سەنتەری میترۆ و وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان (بۆ رۆژنامەنوسە مێینەکان). بەشی رۆژنامەوانییش لە زانکۆکانی سلێمانی و هەولێر دامەزراون. سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستانیش نەخشەی داناوە بۆ کردنەوەی پەیمانگایەکی میدیا. ئەو دەستپێشخەرییانە بەو دواییانە راگەینراون، هەرچەندە، ئەوە کاتی دەوێ بۆ دەرچونی پیشەگەرانی میدیا. دیسان لەنێوان ئەو دەزگا و دەستپێشخەرییە جیاوازانە هیچ تەنسیقێک و دیالۆگێک نییە.

## راسپاردەکان:

**بۆ دەستەڵاتداران و چینی سیاسییەکان:**

گرنگیی میدیا لە کۆمەڵگا بزانن

پەرەبدەن بە راهێنان بۆ رۆژنامەنوسان بە دارایی، لۆجیستیی و پشتیوانیی تەکنیکی بەخشەرە بیانییەکان.

**بۆ رۆژنامەنوسان:**

پرۆفێشناڵیزم و نەوعی کارتان پێشبخەن؛

پەرەبدەن بە تێگەیشتنتان لە رۆڵی چینی سیاسییەکان.

# کاریگەریی ئەم بێ متمانەییە لەسەر ئازادیی چاپەمەنیی

## دەستکەوتنی زانیاریی: لەمپەرێکی رێ، بەتایبەت بۆ رۆژنامەنوسە سەربەخۆکان

بەدڵنیایی هەمو ئەو رۆژنامەنوسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا لەلایەن پەیامنێرانی بێسنوری جیهانییەوە کۆک بون لە جەختکردنەوە لەوەی چەندە زەحمەتە بۆیان زانیاری دەستبخەن. مافی دەستخستنی زانیاریی و بەکارهێنانی – بناغەی کاری رۆژنامەوانیی- ە بەتایبەتیش لە یاسای رۆژنامەنوسیی کوردستان ئاماژەی پێکراوە.

ئەو کێشەیە زۆر خراپترە بۆ ئەو رۆژنامەنوسانەی کە لە دەزگا میدیاییە سەربەخۆکان ئیشدەکەن. ئەو رۆژنامەنوسانە دەستنیشانی ئەو جیاوازییەیان کرد لەنێوان مامەڵەکردن بەرامبەریان و ئەوانەی کە بۆ دەزگا میدیاییەکانی سەر بە حیزبەکان کاردەکەن. "بۆ نمونە، کاتێک مەسعود بارزانی لە گەشتە رەسمییەکەی لە تورکیا و فەرەنسا گەڕایەوە لە حوزەیرانی ٢٠١٠، تەنها رۆژنامەنوسانی ئەو دەزگایانە بانگهێشتکران کە پەیوەندیی باشیان لەگەڵ پارتیی دیموکراتیی کوردستاندا هەیە بۆ کۆنگرە رۆژنامەوانییەکە. هەمان شت راستە کاتێک بۆ گەشتە رەسمییەکانی رۆژنامەنوسان لەگەل خۆی دەبات." ئاسۆ حەمید، بەرپرسی بەشی هەواڵی کەناڵی ئاسمانیی سپێدە، رەخنەی گرت. زوهێر ئەلجەزائیری، بەڕێوابەری ئاژانسی هەواڵی ئەسوات ئەلعێراق ئەوەی زیادکرد "بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی، پێویستە گەشە بە پەیوەندیی نزیک بدەیت لەگەڵ پارتە سیاسییەکان. سیاسییەکان لێدواندان بۆ رۆژنامەنوسە سەربەخۆکان رەتدەکەنەوە."

لەماوەی ئەو چاوپێکەوتنەی کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیریی و لاوان و وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نوێنەرانی پەیامنێرانی بێسنوری بەخشی، دەستنیشانیکرد کە لەناو هەر وەزارەتێک، ئۆفیسێک هەیە بەرپرسە لە کاروبار و پەیوەندییەکانی میدیا. "ئەمە لەبەرئەوە نییە حکومەت ئامانجێکی سیاسیی هەبێ بۆ شاردنەوەی زانیارییەکان. ئێمە پشتیوانینانی شەفافییەتین. ئێمە پێویستمان بە گەشەپێدانی ئەوەیە."

فەرهاد عەونی، نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان، ئاماژەی بە پێویستیی ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەک کرد بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ گەشەپێدانی بارودۆخەکە.

## سکاڵاکان، هەڕەشە و سوکایەتییەکان: بەشێک لە ژیانی رۆژانەی رۆژنامەنوسان

*(ئەگەر تۆ لەگەڵیان نەبیت، دەبێت دژیان بیت." (فەرهاد پیربالّ، رۆشنبیر*

## زۆری ژمارەی رێکارە یاساییەکان لەلایەن سیاسییەکانەوە*

سیاسییەکانی کوردستان حەزیان لە رەخنە نییە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە سکاڵا تۆمارکراون دژی رۆژنامەنوسان و ستافی نوسینیان. لە کردستانی عێراقدا، بەڕونی دیارە ژمارەیەکی زۆر لە رێکاری یاسایی دژی رۆژنامەنوسان گیراونەتە بەر، کە دژی پرینسیپڵەکانی حوکمی یاسان.

بۆ نمونە، نۆ سکاڵا لە ٢٠٠٩ دژی رۆژنامەی ئاوێنە تۆمارکران، دە بۆ پازدە لە هەمان ساڵدا دژی گۆڤاری لڤین. ئەحمەد میرە، سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری لڤین، لەماوەی میشنی دۆزینەوەی راستییەکانی پەیامنێرانی بێ سنور لە تەموزی ٢٠١٠ رایگەیاند کە لە ئێستادا بیست سکاڵای لەسەرە، نەک تەنها وەکو رۆژنامەنوسێک، بەڵکو وەکو سەرنوسەری گۆڤارەکەش. کەمال رەئوف، سەرنوسەری رۆژنامەی هاوولاتیی، بانگەشەی ئەوەی کرد کە رۆژنامەکەی چوار سکاڵای لەسەرن. روداو، رۆژنامەیەکە کە پارتی تەمویلی دەکات، سێ کەیسی دادگای لەسەرن، ...تاد

میدیاکانی سەر بە حیزب زۆر بە دەگمەن سکاڵایان لەسەر تۆماردەکرێت. ئاسۆ حەمید ئاشکرایکرد هیچ سکاڵایەکی یاسایی لەسەر بڵاوکراوەکانی میدیاکەی تۆمارنەکراون. ئەو بەڕونی ڕونیکردەوە کە "کەناڵەکە باج نادات بۆ" ئەوەی کە بڵاویدەکاتەوە: لەکاتی ڕوداوی کێشە و نیزاع، ئەو شتانە یەکلاییدەکرێنەوە لە ئاستی سیاسیی لەنێوان ئەو پارتانەی کە باسیان کراوە و یەکگرتوی ئیسلامیی. هەمان شت بۆ ڕۆژنامەی (کۆمەڵ)ی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان جێبەجێدەبێت.

- <u>**هەڕەشەکانی کوشتن: کردارێکی بڵاو کە دژی ڕۆژنامەنوسانی سەربەخۆ بەکاردێت**</u>



زۆر لە ڕۆژنامەنوسان بە پەیامنێرانی بێ سنورییان گوتووە کە ئەوان بەبەردەوامیی هەڕەشەی کوشتنیان بەشەخسیی لێکراوە، یان ئەوانەی نزیکی ئەوانن، لەڕێی کورتە نامەوە، ئیمێڵ و تاد... زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنوسانە یان بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە سەربەخۆکان ئیشدەکەن یان بۆ دەزگا میدیاییەکانی ئۆپۆزسیۆن. لە زۆربەی کەیسەکاندا، هەڕەشەکان نەناسراون. هوشیار عەبدوڵا فەتاح لە کەی ئێن ئێن ڕایگەیاند کە هەتا هەڕەشەی بۆ نێردراوەتەوە بەر دەرگایماڵەوەش.

ئەو هەڕەشانە زۆربەی جار ڕاستەوخۆ بە دوای بڵاوکردنەوە بابەتێک دێن. دۆخی ناهەمواریش کاتێکە کە تێیدا هەڕەشەکان گەشەدەکەن. بۆ نمونە، ژمارەی هەڕەشەکان بەدرێژایی هەڵبژاردنەکانی تەموزی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراقی ئاداری ٢٠١٠ زیادبون. هەروەها هەڕەشەکان زیادبون لەدوای کوشتنی ڕۆژنامەنوسی لاو، سەردەشت عوسمان لە مایسی ٢٠١٠.

ئەحمەد میرە، خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەری گۆڤاری لڤین، ئەو دەفتەرەی نیشانی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوردا کە لەوەتەی سۆران مامە حەمە لە تەموزی ٢٠٠٨ کوژراوە هەڕەشەکانی کوشتنی تێدا تۆمارکردووە. لەو دەفتەرەدا، ئەو سەعات، ڕێککەوت، ژمارەی نێرەرەکە و ناوەڕۆکی هەڕەشەکانی تۆمارکردووە، لەماوەی ئەو چاوپێکەوتنەدا، ئەو زیاتر لە دو هەڕەشەی لەڕێی کورتە نامەوە پێگەییشتن. "ئەوە ڕونە کە من زیاتر هەڕەشەکانم لەلایەن پشتیوانیکەرانی پارتییەوە پێدەگات. لەناو پارتییدا نێچیرڤان بارزانیی جیاوازە، ئەو ئینسانێکی عەقڵ کراوەیە و جیاوازە لەگەڵ ئەوانی دیکە".





ڕۆژنامەنوسان بەبەردەوامیی سکاڵا تۆماردەکەن، بەڵام دەستەڵاتداران مافی یاساییان نییە کە بەدوای ئەوانە بگەڕێن کە ئەو نامە هەڕەشەئامێزانەیان ناردووە تاوەکو کێشەکە نەبرێتە بەردەم دادگا و دادوەر دەستپێشخەریکردووە لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسمیی لەگەڵ کۆمپانیاکانی تەلەفۆن. ئەو کەسانەی کە لەڕێی مۆبایل و تەلەفۆنەوە هەڕەشە دەکەن مۆبایل و ژمارەی تۆمارنەکراو بەکاردێنن و موستەحیلە بتوانرێ بدۆزرێنەوە.

## **توندوتیژیی جەستەیی دژی رۆژنامەنوسان***

ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنوسان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سوکایەتییان پێکراوە، بەگشتیی لەلایەن ئەفسەرانی پۆلیسەوە، یان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە یان هەتا لەلایەن ئەوانەی یەکێتیی و پارتیی. ئەوانەی دواترینیان، کە هیچ بەرگێکی یاساییان نییە، دەتوانن وەک میلیشیا چالاکیی بکەن، "ئەوە هەڕەشەیەکی جدییە بۆ سەر دیموکراسیی" رۆژنامەنوسێک وایگوت. ژمارەیەکی زۆر لە هێرش و لێدان راگەیەنران لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئاداری ٢٠١٠.

چەند رۆژنامەنوسێکی دیار بونەتە ئامانجی هەوڵی تیرۆرکردن، وەک کەیسەکەی ئەحمەد میرە، کە لە ١٧ نیسانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ هێرشی کرایە سەر. تاوانباران دەستگیرکران و ئێستا سزایەکی پێنج ساڵ زیندانیی بەسەردەبەن.

چەندین دەستپێشخەری راگەیەنراون بۆ کۆتاییهێنان بەو سوکایەتییانەی بەرامبەر رۆژنامەنوسان دەکرێن. لە ٢٠٠٧، سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان کۆمیتەی پاراستنی مافی رۆژنامەنوسانی پێکهێنا، کە کاری کۆکردنەوەی زانیارییە دەربارەی ئەو هێرشانەی لەسەر ئازادیی چاپەمەنیین. بەگشتیی، زانیارییەکان لەڕێی میدیاوە دەربارەی روداوەکان دەگوازرێنەوە بۆ سەندیکا، کە جێگیردەکرێن و کۆیاندەکەنەوە و  و دەکرێنە راپۆرت و هەر شەش مانگ جارێک بڵاودەکرێنەوە.

بەگوێرەی قسەکانی ئەنوەر حوسێن بازگر، سکرتێری کۆمیتەکە، زۆربەی ئەو کەیسانەی بەدواداچونیان بۆ کراوە دەتوانرێ ئاسایش و پۆلیس بەرپرسبکرێن. ئەو رونیکردەوە لە سێ کەیسی تۆمارکراو لە ٢٠١٠ تا ئێستا، رۆژنامەنوسان سەرپێچیی یاسای رۆژنامەنوسیی کوردستانیان کردووە.

ئەو رۆژنامەنوسانەی لەماوەی میشنەکەدا چاومان پێکەوتن، ئەو کارەی کۆمیتەکە کردویەتی بەرزیان نرخاند. هەندێک لەوان، سەرەڕای ئەوەی ئاماژەیان بە لایەنگیریی سیاسیی سەندیکا کرد، ئەوانی تر گلەیی ئەوەیان کرد کە هەمو ی ئەمریکیی، بەیەکەوە خەڵاتی IREX پێشێلکارییەکان لە راپۆرتەکەدا ریز نەکراون. لە ٢٠٠٩، لڤین و رێکخراوی خۆیان –کە دەبەخشێتە ئەو رێکخراو و کەسایەتییانەی هەوڵیان داوە بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادیی رادەربڕین- دا بە کۆمیتەی پاراستنی مافی رۆژنامەنوسان لەبەر راپۆرتەکانی.

نزیکەی هەمو ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا کۆکبون لەسەرئەوەی کە هەرچەندە ئەو راپۆرتانە خاڵی باشیان هەیە، بەڵام کاریگەریی کەمی لەسەر هەڵوێستی دەستەڵاتداران هەیە. "ئەو کۆمیتەیە هیچ دەستەڵاتێکی جێبەجێکردنی نییە. تەنها دەتوانێت راسپاردە بکات،" ئاکۆ محەمەد ئەو سەرنجەی دا – لە بەرامبەر قسەکانی ئەنوەر حوسێن بازگر.

لە راستییدا، دوای بڵاوبونەوەی دوا راپۆرتە شەش مانگییەکە لە ٣ی تەموزی ٢٠١٠، مەسعود بارزانی داوایکرد چاوپێکەوتن بە هەندێک لە ئەندامانی کۆمیتەکە بۆ دروستکردنی خزمەتگوزاریی پۆلیس کە بەرپرسیاردەبن لە دەستەبەرکردنی پەیوەندیی نێوان پۆلیس و قازییەکان لە کەیسەکانی کردەی دژ بە رۆژنامەنوسان.

دەستپێشخەریی دیکە دەستیانپێکرد، وەک سەنتەری میترۆ بۆ بەرگریکردن لە مافی رۆژنامەنوسان لە ئابی ٢٠٠٩ لە تەموزی ٢٠١٠ لەگەڵ مەرسەدی ئازادیی رۆژنامەوانیی کە (IWPR)، دروستکرا، سوپاس بۆ تەمویلکردنی لەلایەن بنکەکەی لە بەغدادە، یەکیانگرت. سەرنوسەری هاووڵاتی، کەمال رەئوف، پلانی داناوە بۆ بڵاوکردنەوەی راپۆرت لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی لە بەرامبەر ئازادییە بنەڕەتییەکان لە کوردستاندا ئەنجامدەدرێن. (سەنتەری پرێس) لە تەموزی ٢٠١٠ لە هەولێر، دوای تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان کرایەوە. بەڕێوەبەرانی سەنتەرەکەش دەیانەوێت ئیدانەی پێشێلکارییەکانی ئازادیی چاپەمەنیی بکەن، بەتایبەت ئەوانەی لە هەولێر رودەدەن.

## دو ڕۆژنامەنوس لەماوەی دو ساڵدا کوژران: ڕاستییەک

### سۆران مامە حەمە، ٢٢ی تەموزی ٢٠٠٨

لە ٢٢ی تەموزی ٢٠٠٨، ڕۆژنامەنوس سۆران مامە حەمە لە کەرکوک کوژرا. سۆرانی ٢٣ ساڵ، خەڵکی کەرکوک بو لە سلێمانی گەورە بو، لەوێ خێزانەکەی ئاوارە بوبون. دو ساڵ دوای مردنەکەی، بکوژەکان هێشتا ونن. تا ئێستا، دەستەڵاتداران نەیانتوانیووە هیچ زانیارییەک بۆ خێزانەکەی ئامادەبکەن دەربارەی بەرەوپێشڕەچونی بەدواداچونەکە.

لە ٢١ی تەموزی ٢٠١٠، نوێنەرانی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور بەشدارییان کرد لە مەراسیمێک کە بۆ ڕێزگرتن لەم ڕۆژنامەنوسە گرێدرابو.







### سەردەشت عوسمان، ٤ی مایسی ٢٠١٠



**ڕاستییەکان:**

سەردەشت عوسمانی ٢٣ ساڵ، خوێندکاری بەشی زمانی ئینگلیزیی لە زانکۆی سەلاحەدین، نوسەری چەندان بابەت بو و بەتایبەت وتارێکی نوسیبو بە ناوونیشانی "من عاشقی کچەکەی بارزانییم،" بۆ ماڵپەڕی کوردستانپۆست. ئەو لە ڕۆژی ٤ی مایسی ٢٠١٠ لە دەوروبەری ٨:٢٠ دەقیقەی بەیانی لەبەردەم زانکۆکەی لەلایەن چەند کەسێکی کە جلی مەدەنییان لەبەرکردبو، ڕفێنرا. دو ڕۆژ دواتر لە موسڵ دۆزرایەوە و گولەیەکی لە سەری درابو.

**کاردانەوە:**

لە ٧ی مایس، ژمارەیەکی دەزگای میدیایی و بڵاوکراوە ئیدانەی کوشتنەکەیان کرد و بەزویی پارتیی دیموکراتییان تاوانبارکرد، بەتایبەت ئاماژەدان بە مەسعود بارزانیی و کوڕەکەی، مەسرور بارزانی، زیاتر لەبەرئەوەی پارتی کۆنترۆڵی هەولێر دەکات و مەسرور بارزانییش سەرۆکی هێزەکانی ئاسایشە. نوسەران و سەرنوسەرەکان یەکسەر داواکران. ئاکۆ محەمەد سەرنوسەری ڕوداو ڕایگەیاند "دوای ئەوەی سەبارەت بە کوشتنی سەردەشتمان بڵاوکردەوە، ئێمە داواکراین. بەڵام بابەتەکە زۆر ڕاست بو." مەسعود عەبدولخالق لە ستاندارد ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو بۆ ماوەی چوار سەعاتان پرسیاری لێکراوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی لەسەر چ بەڵگەیەک ئەو بابەتەکەی بڵاوکردۆتەوە. "وەک ئەوەی ئێمە تاوانبارەکان بین."




لە ٨ی مایس، خۆپیشاندانێک لەبەردەم زانکۆکە رویدا. بە دوای ئەو کوشتنە. زۆر لە رۆژنامەنوسان، خوێندکاران و پشتیوانیکەرانی ئازادیی رادەربڕین بەشدارییان کرد. دەستەی نوسەرانی هەر سێ رۆژنامە سەربەخۆکە "ئاوێنە، هاوولاتی و لڤین" بەیەکەوە هەڵمەتێکیان پێکهێنا بۆ پرۆتێستۆکردنی ئەو مەترسییانەی روبەڕوی رۆژنامەنوسە سەربەخۆکان دەبنەوە، و بیری رای گشتییان خستەوە کە مانەوەی حەسانەکە سودی ئەوانە دەبێ کە دەیانکوژن.

لە کاردانەوە بەرامبەر نەبونی شەفافییەت و بەرامبەر سوکایەتیی دژی میدیای سەربەخۆ، رۆژنامەی ستاندارد دو مانگ دوای کوشتنەکە بڕیاری دا بلاوکردنەوەی هەڵبواسێت تا دەستەڵاتداران تاوانبارەکان دەستگیردەکەن و دادگاییان دەکەن.

## بەدواداچون: دروستکردنی لیژنەیەکی تایبەت

ناڕەزایی گشتیی دژی ئەو کوشتنە لە دەرەوەی سنورەکانی کوردستان کۆدەنگیی بو:

راوێژکارەکان لە پاریسەوە بۆ واشینتۆن ئیدانەی ئەو "کردە قێزەونەیان"کرد. ئەو پەستانە دەرەکیی و ناوخۆییە گەورەیە وایکرد، مەسعود بارزانیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بڕیاربدات کۆمیتەیەکی بەدواداچونی تایبەت لەژێر سەرپەرشتیاریی وەزارەتی ناوخۆ پێکبهێنرێت،

لە ماوەی میشنەکەیان، نزیکەی سێ مانگ دوای کوشتنەکە، نوێنەرانی رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور چاوپێکەوت بە خێزانی رۆژنامەنوسە کە تورەیی خۆیان پڕاگەیاندن و بێ هیوابون لە کەمیی بەرەوپێشچونی بەدواداوچونەکە.

## راپۆرتی پزیشکی یاسایی

زۆر پرسیار سەبارەت بە چۆنییەتیی کوشتنی سەردەشت دەمێننەوە. تاریق رەشید، بەرپرسێکی پایەبەرزی وەزارەتی ناوخۆ کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرا لەلایەن رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنورەوە، رایگەیاند کە راپۆرتی پزیشکی عەدلیی لەلایەن بەشی یاسایی نەخۆشخانەی موسڵەوە نوسراوە، کە تەشریحیان لەسەر لاشەکە ئەنجامدابو. ئەو راپۆرتە نێردرا بۆ وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەگەڵ بەجێماوەکانی قوربانییەکە.

## ئەوانە هەندێک لە راستییەکانن کە لە راپۆرتەکەی پزیشکی عەدلیی هاتبون

سەردەشت عوسمان بە دەستی بەستراوەوە دۆزرایەوە لەگەڵ پارچەیەک قوماش لە پشتیەوە. دۆزینەوەکانی تەشریحی جەستەکە نیشانیدەدەن کە لەوانەیە بە گولەیەک کوژرابێ و لەپێشی سەری درابێ، ئەو کاتەی ئەو لەسەر ئەژنۆ کەوتووە، لە تەماشاکردنی بۆشایی ئێسکەکەوە (گولەکە لە پشتی ملی کوڕە گەنجەکە دۆزرایەوە).

ئەو گولەیەی کە لەلایەن بکوژەکانەوە بەکارهاتووە جۆرێکی تایبەتە بۆتە هۆی زیانێکی سەرەکیی لە شوێنی کارتێکراوەکە. ئەو جانتایە پلاستیکییەی لەسەر سەری سەردەشت دۆزراوە پاشی کوشتنەکەی لەوێ دانرابو، لەبەرئەوەی هیچ شوێنی کونی گولەی تێدا نەبو. رێککەوتی کوشتنەکە لە راپۆرتەکەی پزیشکی عەدلییدا ئاماژەی پێنەکراوە. هەرچەندە تاریق رەشید پێی وانییە لە هەولێر کوژرابێ لەبەر ئەو ژاوەژاوەی کە دروستیدەکات. لاشەکە هیچ ئاماژەیەکی برینداربونی پێوە دیارنەبو، جگە لەو نیشانانەی کە پارچە قوماشەکە بەجێیهێشتبون کە دوای رفاندنی پێی بەسترابویەوە.

خێزانی قوربانییەکە دۆزینەوەکانی شیکردنەوەکەی پزیشکی عەدلییان ڕەتکردەوە. ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەردەشت بەهۆی گولەیەکەوە کوژراوە کە لە دەمی دراوە.

زیاد بۆ ئەمەش، خێزانەکەی دەستنیشانی ئەوەیان کرد کە مۆبایلی کوڕەکەیان تا سەعات ٢ی دوای نیوەڕۆ بە کراوەیی مابووەوە، شەش سەعات دوای ڕفاندنەکە، و ئەوان سەریان سوڕماوە کە بۆچی پۆلیس داوای یارمەتیی لە کۆمپانیای تەلەفۆن نەکرد بۆ هاوکاریکردنیان بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی تەلەفۆنەکە. تاریق ڕەشید جەختی لەوە کردەوە کە لەڕوی قانونییەوە، بۆ هۆکارە نهێنییەکان، تەنها قازی دەتوانێت داوا لە کۆمپانیایەکی تەلەفۆن بکات بۆ ئامادەکردنی زانیارییەکی وا. لەو حاڵەتەدا، کاتێکی وا لەبەر دەست نەبو کە ئەو داوایە پێشکەشی قازیی بکرێت.

## ناشەفافییەتیی بەدواداچونەکانی کۆمیسیۆنەکە

خێزانی سەردەشت عوسمان داوای لە مەسعود بارزانیی کرد لیژنەی بەدواداچونەکە هەڵبوەشێنێتەوە بۆئەوەی لیژنەیەکی دیکە پێکبهێنرێت کە سەربەخۆ بێت.

یەکێک لە براکانی قوربانییەکە، کارمەند لە هێزەکانی ئاساییش، ئەندام بو لە لیژنەکە بەر لەوەی لە لیژنەکە دەستلەکاربکێشێتەوە.

لەماوەی میشنەکەیاندا، نوێنەرانی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور هەوڵیاندا زیاتر بزانن دەربارەی بەرەوپێشڤەچونی لێکۆڵینەوەکە بە هەوڵدان بە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە، بەڵام سەرکەوتو نەبون.

هیچ لەوانەی کە چاویان پێکەوتن (تارق ڕەشید بەرپرسی باڵا لە وەزارەتی ناوخۆ، فایەق تۆفیق بریکاری وەزیری ناوخۆ، عادل بۆتانی جێگری هێزەکانی ئاساییش، و ژمارەیەکی کەم لە ڕاوێژکارانی سەرۆک وەزیران) نەیانتوانی یان نەیانویست ناوی یەک ئەندامی ئەو لیژنەیەی بەرپرسە لە لێکۆڵینەوە لە کوشتنی سەردەشت عوسمان، بدەنە ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور. ناشەفافییەتەکە زۆر ڕونە.

## ئەنجامە کێشەدارەکان

لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠، لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لەلایەن مەسعود بارزانییەوە دانراوە، دەرەنجامە سەرەتاییەکانی بڵاوکردنەوە. لە بەیاننامەیەکی چاپەمەنییدا ڕایگەیاند کە کوشتنی سەردەشت عوسمان بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیی بە چالاکییەکانییەوە نەبووە وەک ڕۆژنامەنوسێک. ئەو لەبەر ئەوە کوژرا چونکە ڕەتیکردەوە هاوکاریی بزوتنەوەی ڕادیکاڵی ئەنساڕ ئەلئیسلام بکا، ئەو گروپەی کە پەیوەندیی لەگەڵ قاعیدە هەیە.

**گەنجێک کە دەستی هەبووە لە ڕفاندنی سەردەشت عوسمان دەستگیرکراوە:**

هیشام مەحمود ئیسماعیل، شۆفێر و فیتەرە لە قەزای بێجی. ئەو دانی بەوە دانا کە سەردەشتی لە شەڕگاتەوە (نزیک تکریت) بە ئۆتۆمبێل گواستوتەوە موسڵ. ئەو بانگەشەی ئەوەی کرد ئەو ئاگاداری ئەوە نەبووە کە سەردەشت بڕیار بووە بکوژرێت. بەگوێرەی دانپێدانانەکانی، دو کەس تاوانی کوشتنەکەیان ئەنجامدا.

لە بەیاننامەیەکی چاپەمەنییدا کە لە ١٥ی تشرینی یەکەم بڵاوبووەوە، برای ڕۆژنامەنوسەکە، بەکر عوسمان ڕایگەیاند "نەک هەر تەنها دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە ڕەتدەکەینەوە، بەڵکو ئیدانەشی دەکەین و بێزاریی خۆشمان دەردەبڕین بەرامبەر ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ بە تیرۆریستکردنی سەردەشت و هاوکاریکردنی ئەنساڕ ئەلئیسلام." ئەوەشی زیادکرد "هەر کەسێک کە سەردەشتی دەناسی یان بابەتەکانی خوێندبێتەوە، دەزانێت کە ئەو کەسێکی عەلمانیی بو و زۆریش دور بو لە ئایدۆلۆژیای تیرۆریستیی."

لە ٢٣ی تشرینی یەکەم، ئەنساڕ ئەلئیسلام هەر توشبونێکی خۆی لە کوشتنەکە ڕەتکردەوە.

## راسپاردەکان:_

**<u>بۆ دەستەڵاتداران:</u>**

- بەدواداچونی سەربەخۆ، بێلایەن و شەفاف و راستەقینە بکرێتەوە بۆ بەدواداچون لە بکوژانی سۆران مامە حەمە و سەردەش عوسمان و تاوانباران و ئەوانەی بە کرێیان گرتبون بدرێنە دادگا.
- پەروەردە بدەن بۆ دڵنیابون لەوەی کە پۆلیس (و ئاساییش) هێرشکردنە سەر رۆژنامەنوسان دەوەستێنن. کۆرسی راهێنان گرێبدەن کە وا لە ئەفسەرە پۆلیسەکان بکا لە گرنگیی رۆڵی میدیا تێبگەن لە کوردستانی عێراق.
- گارەنتیی رۆژنامەنوسان بکە لە بەدەستهێنانی زانیاریی لە تەواوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و -لیستێک دروستبکەن بۆ پیشەگەرانی میدیا- لەو کەسانەی کە بەرپرس دەبن لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دەزگاکانی میدیا.

# ئەنجام:

حەسانە پێویست نییە حوکم بێ. ئەگەر کوردستان دەیەوێ ببێتە کۆمەڵگەیەکی دیموکرات، پێویستە دەستەڵاتێکی قەزائیی سەربەخۆی هەبێت. حەسانە هانی توڕەیی و هەڵەتێگەییشتن دەدات. ئەوە شێوەی هەرەشەیەکی ڕاستەقینە دەدات بۆ ولاتێک کە تێیدا شەڕی ناوخۆ ئەوەندە یادەوەرییەکی دور نییە، ئەو ڕاستییەی کە کوردستان ئێستا بە قۆناغی گواستنەوەدا دەڕوات نابێت بکرێتە پاساوێک بۆ خزمەتکردن بە نەبونی عەدالەت.

کوشتنی سەردەشت عوسمان دۆخێکی ترس و شڵەژانی پیشەیی خولقاندووە. "ئەوە ریسکە لە کوردستانی عێراقدا ڕۆژنامەنوسێکی سەربەخۆ بیت." ڕۆژنامەنوسێکی لڤین ڕایگەیاند.

کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریی و لاوان و وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەئکیدی لەو ڕاستییە کردەوە کە پاراستنی ڕۆژنامەنوسان پێویستی بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانە لەنێوان گۆڕەپانی سیاسیی و میدیا. سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دکتۆر بەرهەم سالح، کە چاویکەوت بە نوێنەرانی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور، کۆکبو لەسەر ئەوە "ئێمە هەروەها پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان میدیا دەستەڵاتداران پەرەپێبدەین. چارەسەریی من بۆ زیادکردنی سانسۆر نییە، بەڵکو بۆ گەشەپێدانی جۆرایەتیی ڕاهێنانە."

ئەمڕۆ، ناتێگەیشتنێکی قوڵ هەیە لەنێوان پیشەگەرانی میدیا و دەستەڵاتداران. هیچ لایەک لە گرنگیی ڕۆڵ و پێویستیی لایەکەی تر ناگات. ڕۆژنامەنوسێکی ئاوێنە ئاماژەی بەوە کرد "لەوەتەی کوشتنی سەردەشت عوسمانەوە، چارەسەرەکە دەکەوێتە دەستی حکومەت و دەستەڵاتداران. ئەو کوشتنە وەک جۆرێک لە شۆکی کارەبایی بو. گرنگە تاوانباران بناسرێن."

شوان ئەحمەد، نوسەر و توێژەری سیاسیی گوتی "ئێمە چواڕڕیانەکەین –هەر شتێک ئیحتیمال بۆ دانراوە. کوردستان دەتوانێ ببێتە ولاتێکی دیموکراتیی کراوە بە ئازادیی چاپەمەنیی، یان دەتوانین بەرەو ئاراستەکانی دۆخی ئەفغانستان بڕۆین. هەمو شتێک دەکەوێتە سەر هەڵبژاردنی سیاسیی کە چی دروستبکرێت."

سەبارەت بە دۆخی ئێستا، ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور ڕازییە بۆ چاودێریکردنی هەوڵەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بۆ پێداچونەوە بە یاسای ڕۆژنامەنوسیی لە کوردستان. ئایا پێویستە حکومەت یاساکە هەمواربکاتەوە؟ ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور ئامادەیە بۆ ئەوانەی پەیوەستن بە یاساکەوە، لەڕێی کۆمیتەی یاسایی خۆی کە پێکهاتووە لە پسپۆڕی نێودەوڵەتیی، ئامۆژگارییان بکات.

زیاد بۆ ئەمەش، ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور پشتیوانیی هەوڵەکانی دەستپێشخەریی ڕاهێنان دەکات بە کردارکردنی پەیوەندیی نێوان پەیمانگاکان و ڕێکخراوە ناحکومییە تایبەتمەندەکان، و لەڕێی یارمەتیدانی داڕشتنی پرۆپۆزەڵەکان بۆ سیستەمێکی پێشکەوتوی جێبەجێکردن بۆ ڕۆژنامەنوسان.

زیاد لەوەش، ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور پشتیوانیی هەر کردارێک دەکات بە ئامانجی بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان گۆڕەپانی سیاسیی و گۆڕەپانی میدیای ناحیزبیی.

لە کۆتاییدا، ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور پشتیوانیی ئەو هەوڵانە دەکات کە لەلایەن خێزانەکانی دو ڕۆژنامەنوسەکەوە نراون بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان و دیتنی ئەمە خزمەتی عەدالەت دەکات.


سکرتاریەتی نێودەوڵەتیی

پەیامنێرانی بێ سنور

47 ڕوی ڤیڤێنێ 75002 پاریس، فەڕەنسا

تەلەفۆن: 33 1 4483-8484

فاکس: 33 1 4523-1151

ماڵپەڕ: www.rsf.org

سوازیک دۆڵێت، دێسکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، moyen-orient@rsf.org, Tel: 33 1 4483-8478


پەیامنێرانی بێ سنور ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی ئازادیی ڕاگەیاندنە. چاودێری پێشێلکارییەکانی سەر میدیا دەکات و ڕاپۆرتیان لەبارەوە بڵاودەکاتەوە لە تەواوی جیهاندا. لە تیمێکی ١٢ ڕۆژنامەنوسی پێکدێت لەگەڵ تۆڕێکی ١٤٠ پەیامنێری لە جیهاندا. پەیامنێرانی بێ سنور زانیارییەکان هەڵدەسەنگێنێت کە بەدەستیاندێنێت و لە بەیاننامە ڕۆژنامەوانییەکان، نامە، توێژینەوە ڕۆژنامەوانییەکان و ڕاسپاردەکانی بەکاردێنێت بۆ ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتیی لە سەرپێچییەکان لە دژی ڕۆژنامەنوسان و پێشێلکارییەکانی ئازادیی ڕادەربڕین و فشاردەخاتە سەر سیاسییەکان و بەرپرسانی حکومەت.